# ستراتیژی بەڕێوەبردن و گەشەپێدانی ئابووری دامەزراوەکان لە ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان

**کاروان عبدالله محمد، سارا تاریق کریم**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** بابەتی بەڕیوەبردنی ڕاگەیاندن بە گشتی و ستراتیژەکانی بەڕیوەبردن لە دامەزراوەی ڕاگەیاندندا بەتایبەتی، لەنێو چوارچێوەی زانستی بەڕیوەبردن و ڕاگەیاندندا خزاوەتە نێو کایەکانی لێکۆڵینەوە لە بواری بەڕیوەبردنی ڕاگەیاندن، بەتایبەت لەگەڵ پێشکەوتنی ئامرازەکانی گەیاندن و گەشەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری لە دامەزراوەی ڕاگەیاندندا، شێوازی بەڕیوەبردنی نوێی ڕاگەیاندنی نوێدا، دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەهەوڵی پەیڕەوکردنی ستراتیژی کاریگەری بەڕیوەبردنن بۆ گەشەپێدانی ئابووری دامەزراوەکەیان.

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی کارکردن لەسەر بایەخی ستراتیژی بەڕیوەبردن لە گەشەپێدانی ئابووری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان و خستنە ڕووی ئەو ستراتیژانەی کە لە دامەزراوەی ڕاگەیاندنی کوردیدا پەیڕەو دەکرێن لە پێناو گەشەپێدانی ئابووریەکەیاندا.

بۆ ئەمەش توێژەر پشتی بە میتۆدی وەسفی لە توێژینەوەدا بەستووەو ڕێبازی ڕووپێوی بەکار هێناوەو کاری لەسەر پێنج دامەزراوەی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان کردووەو بۆ هەر دامەزراوەیەک کە خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆی و دیجیتاڵمیدیاو چاپەمەنین (١٠) بەڕێوەبەری وەرگرتوە لە بەڕێوەبەرانی باڵاو ناوەند. توێژینەوەکە بە ئامانجی خستنە ڕووی ئەو ستراتیژانەی کە لەبەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان کاری کردووەو لە کۆتایشدا گەشتوەتە چەند ئامانجێک کە تیایاندا هاتووە (دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان نەیان توانیوە ستراتیژەکانی بەڕیوەبردنی دامەزراوەی میدیایی لە پێناو گەشەپێدانی ئابووری دامەزراوەکەیان پەیڕەو بکەن ، ئەوەی کە پەیڕەوکراوە لە کۆی ١٣ ستراتیژی بەڕیوەبردن تەنها ٦ ستراتیژیان پەیڕەو کردوە لە بەڕیوەبردنی دامەزراوەکەیاندا کە ئەم ڕێژەیەش دەکات ٤٤%ی ستراتیژەکانی بەڕیوەبردنی دامەزراوەی ڕاگەیاندن).

**کلیلە ووشەکان-** بەڕیوەبردنی ڕاگەیاندن، دامەزراوەی ڕاگەیاندن، ستراتیژ ، ئابووری ڕاگەیاندن، هەرێمی کوردستان.

## پێشەکی:

دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی رۆڵ و کاریگەری لە ناو کۆمەڵگادا هەبێت و خاوەن پێگەی کاریگەر بێت و دەرکەوتەی لەسەر وەرگر هەبێت، پێویستی بە ستراتیژی کاریگەر هەیە لە بەڕیوەبردنی دامەزراوەکەیدا، ئەمەش بۆئەوەی گەشە بداتە ئابووری دامەزراوەکە و بەردەوامی بداتە کاری ڕاگەیاندن و بیکاتە خاوەن پەیامی سەربەخۆو بڕیاری تایبەت بەخۆی.

لەم لێکۆڵینەوەدا گرنگ ئەوەیە کە ستراتیژی بەڕیوەبردن چەندیك بەهێزو کاریگەربێت هێندە گەشەی دەزگاکە لەهەمو بواردا کاریگەردەبێت. لەلایەکی ترەوە پەیڕەوکردنی ستراتیژی بەهێز لە بەڕیوەبردندا گەشەی ئابووری دەزگاکە نیشان دەدات و پەیامەکانی ڕاگەیاند و پرۆسەی بەرهەمهێنان لە دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندندا بەرفراوانتر و بەردەوامتر دەکات، بە جۆرێك کە خاوەن و بەڕێوبەرانی ئەو دامەزراوەیە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بەرنامە بۆداڕێژراو لەگەڵ رۆڵ و پێگەیی پەیامەکاندا مامەڵەدەکەن تا بتوانن دامەزراوەکە لەرێگەی پەیام و بەرهەمەکانیەوە بکەنە سەرچاوەیەکی بەهێزی ئابووری، ئەمەش مایەی مانەوەی دامەزراوەکە دەبێت لە بازاڕی کاری ڕاگەیاندندا. هەربۆیە باسکردنە لە بایەخی ستراتیژی بەڕیوەبردن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی گەشەی ئابووری ڕاگەیاندنەوە بایەخێکی زۆری دەبێت بۆ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و ئەو تایبەتمەندیانەی لە بەردەوامی کاری ڕاگەیاندن و بەرهەمهێنانی ڕاگەیاندندا هەن. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا کاردەکات لەسەر ناساندنی ستراتیژەکانی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی ڕاگەیاندن لەدونیادا و خستنە ڕوویان لەرێگەی سەرچاوە زانستیەکانەوە پاشان خستنە ڕووی ئەو ستراتیژانەی کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان خستویانتەگەڕ بۆ گەشەپێدانی ئابووری دامەزراوەکانیان. توێژینەوەکە لە سی بەش پێکهاتوە بەشی یەکەمی لایەنی میتۆدی توێژینەوەکەیە و بەشی دووەمی لایەنی تیۆرییە لەبارەی ستراتیژ و

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 2(2026)؛ عدد الصفحات (13)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n2y2026.pp97-109

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 24 حزيران 2025؛ قُبل في 17 أب 2025؛ نُشرت في 3 أيار 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : saratariq461@gmail.com, karwan.muhammad@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر © كاروان عبدالله محمد، سارا تاريق كريم. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەڕێوەبردنی ڕاگەیاندن و ئابوری ڕاگەیاندن نوسیویەتی لە بەشی سێهەمیشدا کە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە و داتاکان خراونەتە ڕوو شیکارییان بۆکراوە و پاشان ئەنجام و دەرەنجام خراوەتە ڕوو

## بەشی یەکەم
## لایەنی میتۆدی توێژینەوەکە

### ١. کێشەی توێژینەوەکە

بەڕێوەبردن و ستراتیژە بەکارهاتووەکان لە سیستمی بەریوەبردندا پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ گەشەسەندنی هەریەك لە لایەنەکانی کاری هەر دامەزراوەیەك، ئەو ستراتیژانەی کە لە مۆدێلی بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندندا دەگرێتەبەر ڕۆڵی هەیە لەسەر دیاریکردنی شێواز و ڕێکاری پرۆسەی پەیامسازی لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا، ڕادەو ئاست و ئاراستەی ئەو ڕۆڵەش لەگەشەسەندنی دامەزراوەی میدیایی لەڕێگەی گەشەدان بە سەرچاوە ئابورییەکانی دامەزراوەکەوە کێشەی بنەرەتی و سەرەکی ئەم توێژینەوەیەیە، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی کە ڕۆڵی ستراتیژی بەڕێوەبردن لە دامەزراوە میدیاییەکاندا لەسەر گەشەپێدانی کاری ڕاگەیاندن لە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆدان، ستراتیژی کاراو کاریگەر دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن کاراو کاریگەر دەخاتە گەڕ، سەرچاوەکانی ئابووری هەر دامەزراوەیەکیش بڕبڕەی گەشەپێدانی کاری ڕاگەیاندنن و لە پەیوەندیەکی ڕاستەخۆدان، هەربۆیە ستراتیژەکانی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی لە پلەی یەکەم و سەرەتای کاردا کارلەسەر گەشەپێدانی سەرچاوەی ئابووری دامەزراوە میدیاییەکان دەکات، ئەمەش لە پێناو گەشەپێدانی کاری ڕاگەیاندن، پێچەوانەی ئەم بۆچوونەش هەمان دەرەنجام دەدات بەدەستەوە وەك ئەوەی کە ستراتیژی بەریوەبردنی دامەزراوەی ڕاگەیاندن کارلەسەر گەشەپێدانی پەیامی کاریگەر دەکات لەپێناو گەشەپێدان بە سەرچاوەکانی ئابووری دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندا.

کاریگەرییەتیەکانی ستراتیژی بەڕێوەبردن لەسەر سەرچاوە ئابوورییەکانی دامەزراوەی ڕاگەیاندن گەیشتوەتە ئاستێك کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ستراتیژێك دەگرنەبەر کە تەریب بە ستراتیژی بەریوەبردنی دامەزراوەیەکی بازرگانی هەنگاو هەڵبگرن و هەموو ستراتیژ و کەرەستە و ڕێکارە نوێیەکان و تەکنەلۆژیایەکی نوێی گەیاندن لە خزمەت گەشەی ئابووریی دامەزراوەی ڕاگەیاندندا بخەنەکار، لەسەرووی ئەمەشەوە مشتومڕی ئەوەی کە جگە لە ستراتیژەکانی بەڕێوەبردن، هەموو کارو کردارو پەیامێکی دامەزراوەی ڕاگەیاندن بە ڕادە و ئاراستەی جیاواز چونەتە خزمەت گەشەی ئابووری و زیادکردنی داهاتی دامەزراوەکان.

ئەمەش ئەو پرسە دەوروژێنێت کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ئەو ستراتیژانەی لە بەڕێوەبردنی کارو بەرهەمهێناندا دەیگرنەبەر لەپێناو بەرهەمهێنانی پەیامی مەبەستداری خۆیان بەکاردەهێنن، لەلایەکی تریشەوە پەیامەکانیان لە خزمەت زیادکردنی سەرچاوەی داهات، وەك کاڵایەکی بازرگانی دەسازێنن، بەتایبەت لە ئەمرۆیی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندن و هاتنە ئارایی مۆدێلیی نوێی گەیاندن و ڕاگەیاندن.

کارکردنی زانستی لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا لەسەر دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ستراتیژی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی ڕاگەیاندن و گەشەپێدانی سەرچاوەی ئابووری دامەزراوەی ڕاگەیاندن و ڕەگەز و پێکهاتەکانی بەرهەمهێنانی ڕاگەیاندن، وەڵامی پرسێکی جەوهەری گرنگ لەبەردەم توێژەردا دەداتەوە کە ئەو پرسیارە بە پێکهاتەی کێشەیەکی دیاری توێژینەوەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و هەمیشەش بەڕێوەبەران و خاوەنداری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەدووی وەڵامی ئەو پرسەوەن، کە (بابەتی ستراتیژی بەڕێوەبردن تا چ ڕادەیەك ڕۆڵی هەیە لەسەر گەشەپێدانی سەرچاوەی ئابووری دامەزراوەی ڕاگەیاندن و چۆن دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن بە سود وەرگرتن لەو ستراتیژانەی کە لەبەڕێوەبردنی دامەزراوەکەی دەیانگریتەبەر سەرچاوەی دارایی نوێ بخەنە کار بۆ بەهێزکردنی داهات و پارەدارکردنی دامەزراوەکەی)

### ٢. پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە

- ئەو ستراتیژانە کامانەن کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان لە بەریوەبردندا دەیانگریتەبەر ؟
- چۆن بۆ گەشەپێدانی سەرچاوەی ئابووری دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن، ستراتیژ بەڕێوەبردن ڕێك ریکدەخریت کە بەرهەمەکانی لەگەڵ خواستی جوڵەی ئابووری لە بازاری ڕاگەیاندا بگونجێ ؟
- دامەزراوەی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان بۆ گەشەپێدانی ئابووری بە چ ریکاریك پەیرەوی ستراتیذێك لە بەڕێوەبردندا دەکات؟

### ٣. گرنگی توێژینەوەکە

**أ. گرنگی زانستی:** کارکردنێکی زانستیە بۆ پەرەدان بەو هەوڵانەی کە لە ناوەندە زانستیەکان و بابەتەزانستیەکانی بواری بەڕیوەبردن و ئابووری و ڕاگەیاندن هەن بۆ توێژینەوە لەبارەی کاریگەری لقە زانستییەکان لەسەر یەکتری بەتایبەت لە ئێستەی پێگەوتنی زانستیدا بە بواری مرۆییدا، ئەم هەوڵانە بەزمانی کوردی و لە ناوەندە ئەکادیمییە کوردیەکاندا دەگمەنەو سەرەتای کارکردنە تیایاندا لە ناو زانستی ڕاگەیاندن و زانستی بەریوەبردن ئابووریدا.

**ب. گرنگی پراکتیکی:** لەڕووی پراکتیکیەوە ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ بەڕێوەبەران و بەرهەمهێنەرانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بۆ کارکردن لەسەر ستراێژی گونجاو لەپێناو بەگەڕخستنی پاڵپشتی دارایی دامەزرەوەکان بە ستراتیژی بەرهەمهێنانی پەیامە میدیاییەکان

### ج. ڕاستی ڕواڵەتی:

بەمەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستی و زانستی بوونی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە، توێژەر ئامادەکردوە خستویەتیە بەردەم ژمارەیەك لە شارەزاو پسپۆران لە بواری ڕاگەیاندن و ئابووریدا، دوای پێداچوونەوەی شارەزایان و پسپۆران بە فۆرمەکەدا سەرنج و تێبینیەکان بەهەند وەرگیرا لەلایەن توێژەرەوە و لەو ڕووەوە توێژەر چەند پرسیارێکی پێویستی زیادکرد وگۆرانکاری لەهەندێ برگەدا کرد، تاکو ئەو ئاستەی فورمەکە بەگونجاو زانرا بۆ دابەشکردنی بە سەر نموونەی توێژینەوەکەدا بە جۆرێك ڕێژەی ڕاستگۆیە کەی (الصدق): ٩١,٨ % بوو، ئەمەش بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ڕاستی فۆرمەکە بەم شێوەیەیە:

ڕاستگۆیی فۆرمەکە = ژمارەی بڕگە و پرسیارە پەسەندکراوەکان ÷ ژمارەی گشتیی بڕگەکان × ١٠٠

کەواتە ڕاستگۆیی فۆرمەکە = ٥٦ ÷ ٦١ × ١٠٠ = ٩١,٨

### ٤. ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتیە لە:

1. ناسینی ڕادەی بایەخی ستراتیژی بەڕیوەبردن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستاندا.
2. دەستنیشانکردنی بایەخی ئەو ستراتیژانەی کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان بۆ گەشەپیدانی ئابووری دامەزراوەکەیان بەکاریان دەهێنێن.
3. خستنە ڕووی ڕادەی بەکارهێنانی ستراتیژەی بەڕیوەبردن لە بەڕیوەبردنی دامەزراوەی میدیایی لەپیناو گەشەی ئابووری دامەزراوەی ڕاگەیاندنی لە هەرێمی کوردستان.
4. دیاریکردنی ڕێکارەکانی خستنەکارو پەرەپیدانی ستراتیژەی بەڕیوەبردن لە پیناو گەشەپیدانی ئابووری لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستاندا.

## ٥. جۆرو ڕێبازی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفی شیکارییە، لە پیناو دەرخستی بایەخی ستراتیژی بەڕیوەبردن بۆ گەشەی ئابووری دامەزراوەی ڕاگەیاندن

وەك ڕێبازیش ئەم توێژینەوەیە پشتی بە ڕێبازی ڕاپێوی بەستووە، توێژەر ڕێبازی ڕاپێوی بەکار هێناوە بۆ دیاریکردنی ستراتیژە بەکارخراوەکانی بەڕیوەبردن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و دیاریکردنی بایەخی هەریەك لەو ستراتیژانە و ڕیکاری خستنەکارییان لە دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان .

## ٦. ئامرازەکانی توێژینەوەکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری

توێژەر بۆ دەستخستنی زانیاریی لەبارەی بایەخی ستراتیژی بەڕیوەبردن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان ، هەروەها زانینی ئەو ستراتیژانەی کە بۆ پەرەپیدانی سەرچاوەکان ئابووری کاریان لەسەر دەکەن فۆرمێکی تایبەتی دروستکردوە و دابەشکراوە بەسەر بەڕێوەبەرانی باڵا و ناوەندی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن کە بەنموونە وەرگیراون، بۆ هەر دامەزراوەیەک ١٠ کەس لە بەڕێوەبەری باڵاو بەڕێوەبەرانی بەش و ناوەندەکان وەرگیراون و لە ٥ دامەزراوەش فۆرم دابەش دەکرێت کە کۆی گشتی فۆرمەکان دەکاتە ٥٠ فۆرم ، ئامانج لەم فۆرمە دەست خستنی زانیاری لەبارەی بایەخی ستراتی بەڕیوەبردن لە پەرەدان بە سەرچاوەکانی ئابووری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن.

## ٧. کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە

أ. کۆمەڵگەی توێژینەوە: دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان

ب. نمونەی توێژینەوەکە: دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان 5 دامەزراوەی ڕاگەیاندنی لەهەرێمی کوردستان وەرگیراوە، کەنموونەیەکی ناهەڕەمەکی مەبەستدارە، ئەو دامەزراوانەش خاوەنی چەند کەناڵێکی پەخشن، کەبریتین لە دامەزراوەی (سپێدە، نالیا، کۆمەڵ، گۆڕان، کوردسات) بۆ هەر دامەزراوەیەک ١٠ کەس لە بەڕیوەبرو بەڕیوەبراتی بەشەکان وەک نموونە وەرگیراون و فۆرمی توێژینەوە وەڵام دەدەنەوە، کە کۆی گشتی دەکاتە 50 کەس. هەڵبژاردنی ئەو نمونەیەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە توێژەر باشتر دەتوانێت بۆ کۆکردنەوەی زاناری دەستی بەو دامەزراوانە رابگات

## ٨. بوارەکانی توێژینەوەکە

أ. بواری مرۆیی: لە ڕووی مرۆییەوە ئەم توێژینەوەیە کار دەکات لەسەر (بەڕێوەبەرانی باڵاو ناوەندی و بەرهەمێنەرانی پەیامی ڕاگەیاندن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن) .

ب. بواری کات: بریتیە لەو کاتەی کە کاری کرداری توێژینەوەکە دەست پێدەکات لە بەرواری (1-2-2025 تا 1-6-2025)

ت. بواری شوێن: شوێن لەم توێژینەوەیدا هەرێمی کوردستان.

## ٩. توێژینەوەکانی پێشوون

**یەکەم: توێژینەوەی (جوان جەلال حسێن) ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن، 2020**

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** کاریگەرێتی تەنگژەی دارایی لەسەر سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا.

نمونەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە دامەزراوەی ڕاگەیاندنی (ڕووداو ، وار، نالیا)ی بەنموونە وەرگرتووە.

**پرسیاری سەرەکی توێژینەوە:** تەنگژەی دارایی تاچەند کاریگەری دروستکردوە لەسەر سەرچاوە داراییەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن؟

**جۆرو ڕێبازی توێژینەوە:** توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفیە لە ڕووی میتۆدو ڕێبازی توێژینەوەوە پشتی بەستوە بە میتۆدی ڕوپێوییە و ڕێبازی شیکاری و وەسفی بەکار هێناوە.

**ئامرازەکانی توێژینەوە:** بۆ کۆکردنەوەی زایاریەکان ئەم توێژینەوەیە پشتی بە چاوپێکەوتنی زانستی و تێبینیکردن و ڕاپرسی بەستووە

**ئامانجی سەرەکی:** زانینی ئاستی کاریگەرێتی تەنگژە دارایی لەسەرسەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا لە هەرێمی کوردستاندا، خستنە ڕووی ئەو لێکەوتانەی کە تەنگژەی دارایی لە ڕووی چەندێتیەوە لەسەر دامەرزاوە ڕاگەیاندن و بەرهەمهێنانی ڕاگەیاندن دروستیانکردوە، گەنگەشەکردنی ئاستی کاریگەرێتی تەنگژەی دارایی بە جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن )

**دەرەنجامی توێژینەوەکە:** گرنگترین ئەو دەرەنجمەی توێژینەوەکە پێی گەیشتوە بریتیە لە وەی کە تەنگەژەیی دارایی بەشێویەکی گشتی کاریگەریی دروستکردوە لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕووی شێوازی بەرهەمهێنان و کارکردن و چۆنێتی بەرهەمە کانی ڕاگەیاندن و سەرچاوەی پارەدارکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن.

**دووەم: توێژینەوەی (دیاری عوسمان)، زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن، 2010**

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** هونەری بەڕێوبردن و بەڕێوبردنی کەناڵە تەلەفیزۆنیە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستان

**کۆمەڵگای توێژینەوەکە:** کەناڵکانی (کوردسان تیفی، کوردسات، کەناڵی ئاسمانی زاگرۆز، سەتەلایتی گەلی کوردستان)

پرسیارەکانی توێژینەوە: چەند پرسیارێکی لە بیرێکی زانستیانەوە سەرچاوەی گرتووە سەبارەت بە هونەرەکانی بەڕێوبردن و بەڕێوبردنی کەناڵە تەلەفیزیۆنیەئاسمانیەکان بونەتە بنەمای کاری توێژەر و توێژینەوەکە ، گرنگترینیان بریتین لە( کاریگەری هونەرەکانی بەڕێوبردن لە کەناڵە تەلەفیزۆنیە ئاسمانیەکان چییە ؟ ئەو هونەرە بەڕێوبردنانە کامانەن کە کەناڵ ئاسمانییە تەلەفزۆینییەکان بەکاریدێن ؟ هونەرەکانی بەڕێوبردن کاریگەری دەبێت لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنان لە دامەزراوەکەدا؟.

**جۆرو ڕێبازی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییەو بەرێگای ڕوپێوکردن لەسەر ئەوکەناڵە تەلەفیزیۆنییەیانەیە کەلەناو هەرێمی کوردستاندا

پەخشی پەیامەکانیان دەکەن و سەرجەم کەسە بەڕێوەبەرو کارگێڕییەکانی ئاماژە بۆکراوەکان کە لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا کەلە بارەگای سەرەکی کەناڵکانیان کاری کارگێری و بەڕێوەبردنیان کردووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بۆ چەند ئامانجێکی بنەرەتی کاردەکات کە گرنگترینیان بریتین لە (زانینی ئاستی کاریگەرێتی هونەرەکانی بەرێوبردن لە کەناڵە ئاسمانییە تەلەفیزیۆنەکاندا ، لەسەرسەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا لە هەرێمی کوردستاندا، خستنە ڕووی ئەو هەنەرانەی بەرێوبردن کە لە دامەزراوە تەلەفیزیۆنەکاندا بەکاردەهینرێن ، کاریگەرێتی هونەرەکانی بەرێوبردن روون دەکاتەوە لەسەر پرۆسەی بەرهەمهینان لە دامەزراوەکەدا).

**دەرەنجامەکانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتووە کەلێرەداگرنگ ترینیان (رەگەزی مێینە لەپۆستە کارگیریەکانی ئەوکەناڵە تەلەفیزیۆنیە ئاسمانییانەی هەرێمی کوردستاندا بوونی نیە، تەمەنی بەرێوەبەروکەسە کارگیریەکانی ئەوکەنا ڵانە وەك ئەوەی ئیستاهەیەخاڵێکی پۆزەتیڤی ئەوکەناڵانەیە ، ئەزموونی کاری راگەیاندنی ئەوکەسانەی لێپرسراوی یەکەکارگێریەکانی کەناڵەکان ئەزموونیکی زۆرە ئەمەش خاڵێکی تری پۆزە تیفی کەناڵەکانە، بەشێوەیەکی گشتی ئەرکی پلاندانانی ئەوکەناڵانە لەئاست پێویستی ئەرکی پلاندانانندا نیە. زیاترپلانە دارێژراوەکانی بەرێوەبردنی باڵا لەپلانەدارێژراوەکان لەلایەن خودی بەشەکانەوە جێبەجی دەکرێن).

### سێیەم: توێژینەوەی هاوڕێ محمود و کاروان عبداللە، زانکۆی سلێمانی، بەشی راگەیاندن، گۆڤاری گەرمیان، ژمارە ٣، ٢٠١٦

-تاونیشانی توێژینەوەکە: بەڕێوەبردنی توانا مرۆییەکان لە دامەزراوە تەلەفیزۆنیەکانی هەرێمی کوردستاندا.کەناڵی (GK) و (NRT) بە نمونە.

پرسیارەکانی توێژینەوە: کاریگەری بەرێوبردنی توانا مرۆییەکان لە دامەزراوە تەلەفیزۆنیەکاندا چییە ؟ بەرێوبردنی توانا مرۆییەکان هۆکارە بۆ گەشەکردنی دامەزراوەکە لەرووی ناوەرۆك و کوالێتی پەیامەکانی ؟ بەرێوبردنی توانا مرۆییەکان دەبێتەهۆی رەخساندنی ژینگەیەکی کاری رۆژنامەوانی بۆ کارمەندان ؟.

-میتۆدی توێژینەوەوەکە: توێژینەوەکە لە ژیر ڕوشنایی میتودی وەصفی دا ئەنجامدراوە، لەم میتودیشدا پەیڕەوی ڕێبازی ڕووپێوکاری (مسحی) کراوە

ئامانجەکانی توێژینەوە: توێژینەوەیە بۆ چەند ئامانجێکی بنەرەتی کاردەکات کە گرنگترینیان بریتییە لە ( زانینی کاریگەرێتی بەرێوبردنی توانا مرۆییەکان لە دامەزراوەکاندا، خستنەرووی کاریگەرێتی بەرێوبردنی توانا مرۆییەکان بۆ گەشەپێدانی ناوەرۆك و کوالێتی بەرهەمە میدیاییەکان ، دەرخستنی گرنگی توانای بەرێوبردنی مرۆیی لە رەخساندنی ژینگەیەکی کاری رۆژنامەوانی ).

**دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتوە کە گرنگترینیان بریتین لە : بەڕێوەبردنی توانای مرۆییەکان لە دامەزراوە تەلەفیزۆنیەکانی هەرێمی کوردستاندا وەك بەشێکی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵدانەکراوەو خراوەتە پاڵ بەشەکانی تر. رەنگدانەوەی وەڵامی

کارمەندان لەراپرسییەکەدا نیشانی دەدات کە کەناڵەکان گرنگی ئەوتۆیان بە هەریەکە لە خولی ڕاهێنان و ڕەزامەندی کارمەندان و فەرهەنگ سازی دامەزراوەکان نەداوە. وەرگرتنی کارمەندان لە دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستاندا نەبەستراوەتەوە بە تواناو ئاستی زانستی کارمەندانەوە. کارمەندان بۆ هەڵبژاردنی دامەزراوەیەکی میدیایی کەتێیدا کاربکەن کەمتر تواناو ئارەزووی کارکردنیان کردووەتە پێوەر. ڕوانگەی هەڵبژاردنی سیستمی بەڕێوەبردن لەدامەزراوە تەلەفیزیۆنیەکاندا ئەو ڕوانگەیە کەپێی وایە بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی وەك بەڕێوەبردنی هەر دامەزراوەیەکی تر وایە.

### ١٠. ناساندنی کلیلە ووشەکان

- **ستراتیژ:** جۆرێکە لە ئاڕاستەکردن کارو دیاریکردنی ڕیچکەی بەرەو ئامانج چوون کە کۆمەڵێک ئامانج لە شێوەی دیدگادا چالاک دەخاتە بەردەم، هەروەها خواستێکە لە سروشتدا نەک شتێک کە هەتبێت کە لەسەر بنەمای جووڵە و پێشخستنی کارەکانە بە شێوەیەکی پیشەیی و سوودبەخشتر و دوور لە وەستان، هەوڵدەدات کارمەندان و دامەزراوەکە لە ڕەوتی خۆیدا.
- **ستراتیژی میدیایی:** کۆمەڵێک کرداری بەڕێوەبردنی میدیایی پلان بۆ دارێژراوە کەڕێنماییان دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەر دۆخێك و هەڵبژاردنی میدیایی گونجاو بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و بەرهەمەکانی دامەزراوەکە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو وەرگرەی کە ئامانجیەتی
- ئابووری راگەیاندن: مەبەست لەئابوری ئەوکردارەیە کە کار لەسەر ئەوەدەکات راگەیاندن چۆن بتوانێت خواست و نیازو پێداویستیەکانی دابین بکات و لە ڕێگەی بەخشینی زانیاری و بابەتی سەرگەرمی و خواستەکانی وەرگر و خاوەن کالاو نیازی کۆمەڵگا بەگشتی، لە ڕێگەی سەرچاوەکانی پارەدارکدنەوە.
- **دامەزراوەی راگەیاندن:** دامەزراوەیەکی بەرفراوان و هەمەچەشنی راگەیاندنە لە شێوازی گەیاندن و پەیامسازی راگەیاندندا و سەرجەم کەناڵەکانی گەیاندن و شێوازەکانی بەرهەمهێنان بە ناوەرۆکی جیاوازەوە لەخۆدەگرێت، خاوەنی ستراکچەرێکی بەرفراوانترو هەمەچەشنترە لە بەرێوەبردنی پەیامی راگەیاندن و چەناڵ و پەخشی هەمەچەشندا
- هەرێمی کوردستان: هەرێمی کوردستان لەم توێژینەوەیەدا هەمان ناساندنە کە لە ماددەی (1) ی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا هاتووە، هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا، کە سیستمە سیاسیەکەی کۆماری و پەرلەمانی دیموکراسییە، پشت بە بنەمای فرەلایەنی سیاسی و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەلات و بنەمای لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە چوار پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە) پێکدێت.

## بەشی دووەم
## لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### یەکەم: چەمك و پێناسەی ستراتیژ لە بەڕێوەبدندا

وشەی "ستراتیژ" بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی فراوان لە کاروبارەکانی تایبەت بە سەربازی و جەنگ لە ئەوروپا لە ماوەی ساڵانی 1770دا هاتە بواری جێبەجێکردنەوە، پێش جەنگی جیهانی یەکەم، ئەم زاراوەیە تەنها لە بۆ بواری بەکارهینانی ئامرازە سەربازییەکان و ئامانجە سیاسییەکان و دبلۆماسیەت بەکاردەهات، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی دانیشتووان و سەرهەڵدانی پیشەسازی جیاواز و پەرەسەندنی کەرتی بازرگانی و دروستبونی ئامێری پێشکەوتوو لە سەرجەم کایەو بوارەجۆربەجۆرەکانی مرۆڤایەتی چەمکی ستراتیژیش لە بنەچە سەربازییەکەی جیا بووەوە چووە نێو هەموو و بوارەجیاوازەکانەوە. (فریدمان، 2017، 95)

لە بوارە جیاوازەکانی کار لە کۆمەلگادا ستراتیژ پێناسەی زۆری بۆ کراوە لەلایەن شارەزایانەوە لەکات و کاری ی جیاوازدا، لێرەدا گرنگترینی ئەو پیناسانە دەخەینەروو:

به بەکارهێنان و سەرهەڵدانی ستراتیژ نەخشەی جیهانی گۆڕا، ستراتیژ بووە هۆی سەرهەڵدان و گەشەکردنی کار، یاخود پوکانەوە و داڕمانی زۆرێک لە کارو ئامانجەکان لەناو هەموو نەتەوە و گەلەکاندا. ستراتیژ کە تێکەڵەی دانایی و زانستە، لەسەرجەم ئەو کار و بوارە جۆربەجۆرانەی کە مرۆڤایەتی ئەنجامی دەدات.

مێژوونوسان سەرهەڵدانی چەمکی ستراتیژ سالانی ٤٠٠-٢٠٠ پێش زایین کە چینییەکان بەکاریان هیناوەو لە کتێبی هونەری جەنگی ( سون تزو) بۆ یەکەمین جار بەکارهێنراوە و بە ستراتیژ ناوی بردووە . (فریدمان، 2017، 99)

هەندێك لە بیرمەندانی زاراوەی "ستراتیژ" دەگەڕێننەوە بۆ "ستراتیگۆس"ی یۆنانی کلاسیک و بیزەنتین (٣٣٠ی زایینی) ، پێیان وایە چەمکی "ستراتیژ" لە وشەی Strategos وەرگیراوە و لە زمانی یۆنانی کۆندا (Stratus) بە واتای سوپای و Ago بە واتای ڕێنمایی و جووڵەهاتووە و ئاماژە بووە بۆ ڕێنماییکردن و جووڵەکردن و سەرکردایەتیکردنی سوپاکان، واتە ئەو ستراتیژییەی کە ژەنەڕاڵەکان بۆ بڵاوەپێکردنی هێزەکانیان و شکستپێهێنانی دوژمن بەکاریان دەهێنا. ( Indeed Editorial Team،2025 )

یەکێک لە بەرهەمە لاتینییە بەناوبانگەکان لە بواری ستراتیژی سەربازیدا لە نووسینی فرۆنتیۆسە و ناوی ستراتیجیماتا کە بڵاوکراوەیەکە بە زمانی یۆنانی ستراتیجیماتا باس لە کۆمەڵێک ستراتیژ "فێڵی شەڕ" دەکات کە ڕێنماییکار و ڕێنیشاندەرێك بووە بۆ سەرکردەکان تاوەکو لەکاتی جەنگ و کاتە ناهەموارەکاندا سودی لێببینن (رضا رسولی و علی صالحی، 2017، 108)

**لە ساڵانی شەستەکاندا، چاندلەر وەك یەکێك لە دامەزرێنەرانی زانستی ستراتیژ پێناسەی ستراتیژ دەکات و دەڵێت :** " ستراتیژ دیاریکردنی ئامانجە سەرەتایی و درێژخایەنەکانە بەمەبەستی و پلان دانان بۆ ڕێڕەوی کارکردن و تەرخانکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجانە". (فرشته نبی‌خواه، 2024، 96)

**فەرهەنگی ئۆکسفۆرد دەڵێت:** "پلانێکی داڕێژراوە بۆ کردارێك یان سیاسەتێک بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی تایبەتی یان گشتی"

**مەکینزی دەڵێت:** "کۆمەڵێک کرداری پلان داڕێژراو بۆ دروستکردنی سەرکەوتن و قازانجی بەردەوام بەسەر ڕکابەرەکاندا ".

**جاک وێلچ، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای جەنەراڵ ئێلیکتریک، سەبارەت بە ستراتیژ دەڵێت:** "ستراتیژ واتە بڕیاردانی ڕوون و ورد سەبارەت بە چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکان." بۆ ڕکابەریکردن لەگەڵ کەسانی تر ». (مجدی جباریان،2023، 193 )

**مانای فەرهەنگی ستراتیژی بریتییە لە** "هونەری جووڵاندنی یان فرێدانی ئامێری شەڕ کە شوێن کات و مەرجەکانی شەڕکردن لەلایەن یەک خودەوە بەسەر دوژمندا بسەپێنێت". (نبی‌خواه، 2024، 123)

**مایکل پۆرتێر ستراتیژی بەم شێوەیە پێناسە کردووە** "دروستکردنی پێگەیەکی ناوازە و بەنرخ کە کۆمەڵێک چالاکی جیاواز لەخۆدەگرێت. ئەو کۆمپانیایە کە پێگەیەکی ستراتیژی هەیە چالاکی جیاواز لە ڕکابەرەکانی ئەنجام دەدات یان چالاکی هاوشێوە بە شێوازی جیاواز ئەنجام دەدات". (جباریان،2023، 119 )

**شارەزایان بەشێوەیەکی گشتی پێناسەی ستراتیژ دەکەن و دەڵێن** "بریتییە لە کۆمەڵێک بڕیار و کردار کە یارمەتی دامەزراوەکان، کۆمپانیاکان یان تاکەکان دەدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە درێژخایەن و سەرەکییەکانیان. ستراتیژ واتە دیاریکردنی نەخشەرێگایەك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و پلاندانان بۆ بەکارهێنانی گونجاوی سەرچاوەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە. واتە ستراتیژ پلاندانان و هەڵبژاردنی چارەسەری گونجاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگ و دەرفەتەکان لە ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکیدا. (ریوبو و تقی زاده، 2024، 149)

**پێناسەی ئیگور ئەنسۆف بۆ ستراتیژ :** ستراتیژی بریتییە لە ئامادەکردن و جێبەجێکردنی پلانی لۆژیکی بۆ گونجاندنی دامەزراوەکە لەگەڵ گۆڕانکارییە ژینگەییەکان. ستراتیژی دەبێت بە شێوەیەک پلانی بۆ دابنرێت و ڕێکبخرێت کە بڕیارەکانیش سەبارەت بە سیاسەت و سەرچاوە و ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە لەخۆ بگرێت. (ریوبو و تقی زاده، 2024، 157)

لەمیانەی تێگەیشتنمان لەو پێناسانەی سەرەوە وهەڵسەنگاندنیان ، بۆمان دەردەکەوێت هەندێك لە پێناسەکان تیشکیان خستوەتە چەند لایەنێکی ستراتیژ ، یاخود وێنەیەکی گشتیان بۆ ستراتیژ نیشان داوە.

لەوروانگەیەوە بەم جۆرە پێناسەی ستراتیژ دەکەین: ستراتیژ جۆرێکە لە ئاڕاستەکردن کارو دیاریکردنی ڕێچکەی بەرەو ئامانج چوون کە کۆمەڵێک ئامانج لە شێوەی دیدگادا چالاک دەخاتە بەردەم، هەروەها خواستێکە لە سروشتدا نەک شتێک کە هەتبێت کە لەسەر بنەمای جووڵە و پێشخستنی کارەکانە بە شێوەیەکی پیشەیی و سوودبەخشتر و دوور لە وەستان، هەوڵدەدات کارمەندان و دامەزراوەکە لە ڕەوتی خۆیدا بێنێتەوە.کەکۆمەڵێک ئامانجە کە هەموو یەکەکان و دەستەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە سەرەکییە یەکلابوونەتەوە و کاردەکەن .

**دووەم: جۆرەکانی ستراتیژ**

ستراتیژی واتە هەڵبژاردن و دیاریکردنی ڕێگاکانی گەیشتن بە ئامانجە درێژخایەنەکان. لە جیهانی ئاڵۆز و کێبڕکێی ئەمڕۆدا، دامەزراوەکان پێویستیان بەوەیە بە ستراتیژی هەمەچەشن و ورد ڕێگەی خۆیان بۆ سەرکەوتن خۆش بکەن. ئەم ڕێگایانەش چەندین جۆریان هەیە کە لێرەدا هەموو جۆرە ستراتیژەکان بە پوختی باس دەکەین (، 2022، 152)

**1. ستراتیژی دامەزراوەیی**

ئەم جۆرەی ستراتیژ لەسەر ئاستی دامەزراوەکانە کە پلانی ورد و درێژمەودا بۆ دامەزراوەکە لەسەر ئاستی هەموو بەشەکان دادەنرێت. ئەم ستراتیژە دیاری دەکات کە دامەزرووەیەك چۆن سەرچاوە داراییەکانی خۆی لە نێوان یەکە و بەشە جیاوازەکاندا دابەش دەکات، چ بەشێکی دامەزراوەکە پێویستە فراوانتر بکرێت و بەرەوپێشببرێت یاخود چ بەشێک وازی لێبهێنرێت و پارەی بۆ خەرج نەکرێت، هەروەها دامەزراوەکە چۆن دەتوانێت لە نێو دامەزراوە جیاوازەکاندا ڕکابەری بکات. بە سادەیی ئەم جۆرە ستراتیژییە دیاری دەکات کە دامەزراوەیەك لە چ بوارێکدا کاردەکات و چ ڕێگایەک هەڵدەبژێرێت بۆ گەشەکردن و زیادکردنی وەرگر بەمەبەستی بەدەستهێنانی قازانج.

**جۆرەکانی ستراتیژی ئاستی دامەزرووەکان**

- **ستراتیژی بازرگانی**
- **ستراتیژی کارایی**
- **ستراتیژییەکانی کێبڕکێ**
- **ستراتیژییە نێودەوڵەتییەکان**
- **ستراتیژی داهێنان**
- **ستراتیژی بەردەوامی**

### ستراتیژی میدیایی

ستراتیژی میدیایی گرنگی دەدات بە زانینی دیمۆگرافیای وەرگران و حەز و پێداویستییەکانیان و زانینی ئەو بەرهەمە میدیاییانەی کە سەرنجیان ڕادەکێشێت و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو پلاتفۆرمەی کە زۆرترین وەرگری هەیە ، هەروەها گرنگی دەدات بەزانینی خەرجی ڕکابەرەکانیان بۆ بەرهەمهێنانی ریکلامێك یاخود بەرهەمێکی میدیایی . سەرجەم ئەو زانیاریانەش لە پیشەسازییەکانی ڕیکلام یان بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیاییدا بەکاردەهێنرێت تا لە ڕێگەیەوە ئامانجەکانی بەرهەم و دامەزراوەکە بەدیبهێنیت ، کە چۆن پەیامەکێ روون و,ورد و کاریگەر دەگەیەنرێتە وەرگران بە دارشتنێکی کاریگەری ستراتیژی دامەزراوە میدیاییەکە. ئەو پەیامانەش لە ڕێگەی ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ، تابلۆی بازرگانی، پۆستەر و، بڵاوکردنەوی پروشەر یان هەواڵنامە یاخود لەرێی بڵاوکردنەوەی لە پلاتفۆرمە جیاوازەکان وەیوەندییە گشتیەکانەوە وەرگران لەبارەی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان ئاگادار دەکەنەوە لە کاتی گونجاودا و بە تێچوویەکی گونجاو .

دارشتنی ستراتیژی میدیای لە دامەزراوەیەکەوە بۆدامەزراوەیەکی تر دەگۆریت ، بەتایبەت لەرووی و بازنەی بڵاوکردنەوە و خاوەندارێتی میدیا گرنگترینی ئەو هۆکارانەن. خاوەندارێتی میدیا، جا میدیا گشتی بێت یان تایبەت، یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی جیاوازیە لە داڕشتنی سیاسەتی میدیا و لە ئەنجامدا لە داڕشتنی ستراتیژی دامەزراوەکە. ئاشکرایە کە پرۆسەی داڕشتنی سیاسەت و ستراتیژی میدیایی لە میدیای سەر بە دەسەڵات زۆر جیاوازە لە داڕشتنی سیاسەت لە میدیای کەسیدا (ئەهلی)دا، چونکە لە کەرتی تایبەتدا یاساکانی بازرگانی و بەدەستهێنانی قازانج و زیادکرنی بەکاربەری نوێ ئامانجی دامەزراوەکەیە و بەمەش داڕشتنی سیاسەت و ستراتیژی میدیالە پێناو زیادکردنی داهاتی دامەزراوەکەدایە، بەڵام لە میدیای سەر بە دەسەڵاتدا ستراتیژ و سیاسەتی دامەزراوەی سەر بە دەسەلات لە هەوڵی ڕەزامەندی وەرگر دایە بۆ سیستەمی حکومڕانی دەوڵەت ئەوەش لەرێی پەخشکرنی کارو چالاکی و خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەت بۆ هاوڵاتیانی ، هەروەها بازنەی بڵاوکردنەوە و جیاوازی پلاتفۆرمەکان یان میدیای نووسراو، یان بینراو و دەنگی( رادیۆ) ، یان مالتیمیدیا، هەر جۆرە میدیایەک بەرهەمی جیاوازەوە و وەرگری جیاواز و ئامانجی جیاوازی هەر دامەزراوەیەك، هەموو ئەمانەش جیاوازی دروست دەکات لەنێوان ئەو میدیایانە بۆ داڕشتنی سیاسەت و ستراتیژی دامەزراوەکە .( بەهرامی ، 2013، 83)

### ئاستەکانی ستراتیژ لە دامەزراوەی ڕاگەیاندندا

ستراتیژ لە دامەزراوە میدیاییەکاندا بەسەر سێ ئاستدا دابەشکراوە، کە بریتین لە ستراتیژی دامەزراوەیی و فرەچەشنی میدیا، و ستراتیجی بەرنامەی میدیایی. هەرچەندە ئەم ئاستانە ئاستی جیاوازن بۆ ستراتیژی دامەزراوەی میدیایی، بەڵام پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان ڕەهەندە ناوخۆییەکانی ئەم سێ ئاستەدا هەیە بۆ داناں و جێبەجێ کردنی ستراتیژ لە دامەزراوەکاندا. (علی اکبر فرهنگی، 2017، 215)

**ئاستی یەکەم: ستراتیژی دامەزراوەیی**

**ئاستی دووەم: فرەچەشنی میدیا**

**ئاستی سێیەم : ستراتیژی بەرنامەی میدیایی**

### سێیەم: گرنگی و سودەکانی ستراتیژ بۆ دامەزراوەی میدیایی

ستراتیژێک کە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ دەکرێت، کاری سەرجەم فەرمانبەرانی ناو دامەزراوەکە دیاری دەکات و ئەو ئامانج و ئاراستانە دیاری دەکات کەدامەزراوەکە بەرەو سەرکەوتن دەبات. دامەزراوەیەک کە ستراتیژی نییە، بە چەپ و ڕاستدا هەنگاو دەنێت لە گەیشتن بە ئامانجەکانی دوور دەکەوێتەوە، وەک کەشتییەکی بێ کەشتیوان وایە لەنێو دەریادا. نیشانەی سەرکەوتنی ستراتیژ هەر دامەزراوەیەک دروستکردنی ستراتیژی و جێبەجێکردنی بە شێوازێکی دروست دەبێت خەمی سەرەکی هەموودامەزراوەکان بێت. لێرەدا گرنگترین خاڵەکانی سود و گرنگی ستراتیژ بۆ دامەزراوەکان دەخەینەروو : (حسین جلیلیان، 2021، 95)

- ڕێبەری دامەزراوەکان دەکات
- نارِوونیەکان لەناو دەبات
- جیاوازی دەکات لەبەینی کارەکاندا
- بەها زیاد دەکات لە کارەکاندا
- کارایی زیاد دەکات لە بەرهەمهێناندا
- سوودی جددی هەیە بۆ دامەزراوەکان ، بەجۆرێك گەشەی دامەزراوەکان لە قۆناخ و کاتە جیاوازەکانی دامەزراوەکەدا بەرەو پێش دەبات و دامەزراوەکان بەردەوام بەرەو گەشەکردن پێشکەوتن دەبات لەسەرجەم یەکە و کەرتەکانی دامەزراوەکەدا.
- هەمیشە نوێترین شیوازەکانی بەڕێوەبردن و سەرکردایەتیکردن بۆ دامەزراوەکان دادەرێژێت و دوریان دەخاتەوە لە شێوازە کۆنەکانی بەڕێوەبردن
- پلانی کارکردن ئاراستەدەکات بۆ ئەوەی دەتەویت
- ڕەوت و دەرفەتەکان دەناسرینەوە
- پابەندبوون ، بە ستراتیژییەکی دروست و باش ئاستی پابەندبوونی بەڕێوەبەران و کارمەندان لە دامەزراوەکەدابەرز دەبێتەوە
- تەرخانکردنی سەرچاوەی خوازراو
- بە دانانی ستراتیژی، دامەزراوەکان دەتوانن سوودێکی کێبڕکێ بەدەست بهێنن بەسەر ڕکابەرەکانیان..
- گەیشتن بە ئامادەبووانی گونجاو ،
- زۆرترین کاریگەری و گەڕانەوەی سەرمایەگوزاری ،
- بەردەوامی پەخش لە دامەزراوەکەدا، .

### چوارەم: تایبەتمەندییەکانی ستراتیژ لە بەڕێوەبردندا

ستراتیژ بناغەی هەر بازرگانی یان دامەزراوەیەکە. ئەو ئاراستە و ئامانجانە دەخاتە ڕوو کە دامەزراوەکە ئارەزووی بەدەستهێنانی دەکات. لێرەدا تایبەتمەندییەکانی ستراتیژی روون دەکەینەوە: (سێر لۆرێنس فریدمان،2017، 102)

1. هونەرێکی شیکارییە: ئەم هونەرە بریتییە لە شێوازێکی بیرکردنەوە و لۆژیک لە نێوان فاکتەرەکاندا لە سیستەمێکی کراوەدا پەیوەندی بە بڕیاردان و لابردنی بەربەستەکانەوە هەیە لەناو بڕیارەکاندا، لەسەر بنەمای پەیوەندییەکان.
2. کاردەکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان: ستراتیژ لە دامەزراوەکاندا خزمەت بە ئامانجەکانی دامەزراوەکان دەکات و دڵنیای دەدات لە چڕبوونەوەی هێزی مرۆیی و تەکنەلۆژی لە دەوری ئەم ئامانجەکاندا.
3. پەیوەندییەکانی دامەزراوەکەلەگەڵ ژینگەکەی ڕێکدەخات: ڕێگە دەدات بە تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە ژینگەییەکان لە ڕووی ئابووری، تەکنەلۆژی، سیاسی

و کۆمەڵایەتی، نەهێشتنی کاریگەرییە نەرێنییەکان لەسەردامەزراوەکە، و دەرفەتی سوودوەرگرتن لە کاریگەرییە ئەرێنییەکان بە درککردنیان لە کاتی خۆیدا.

4. بە پێچەوانەی ئەرکە بەردەوام دووبارەبووەکانی (ڕۆتینی)، ستراتیژ وابەستەی داهاتووی دوورە: پلانە ستراتیژییەکان جیا دەکرێنەوە لە بڕیار و ئەرکە یەکدەنگەکان (ڕۆتینییەکان) چونکە پەیوەندییان بەو سیاسەتانەوە هەیە کەدامەزراوەکە پەیڕەوی لێدەکات لەکاتێکی درێژخایەندا.

5. هێزێکە هەموو سەرچاوە دارایی و مرۆییەکانی دامەزراوەکە بە هاوئاهەنگی بەڕێوەدەبات و چالاکی دەکات: بەم شێوەیە ستراتیژییەکەش دەبێتە ڕێنمایی ئەو ڕووداو و بڕیارانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەی دامەزراوەکەدا دەدرێن. نادڵنیایی کەمدەکاتەوە و ڕێگا و پرەنسیپەکان روون دەکاتەوە کە پێویستە پەیڕەوی لێبکرێت لە دامەزراوەکەدا.

6. تیشکخستنەسەری درێژخایەن: ستراتیژ تیشکخستنەسەری درێژخایەنی هەیە بۆ بەڕێویردنی دامەزراوە میدیاییەکە. ئەمەش بەو مانایەیە کە دیدێکی روون دەبەخشێت بە بەڕێوبەرانی دامەزراوەکە کە دامەزراوەکە دەیەوێت لە داهاتوودا لە کوێ بێت و چۆن دەگاتە ئەوێ.

7. ڕێبازی ناوازە: ستراتیژی ڕێبازێکی ناوازەی هەیە کەدامەزراوە میدیاییەکە لە ڕکابەرەکانی جیا بکاتەوە. ئەمەش دەتوانرێت لە ڕێگەی بەرهەم، خزمەتگوزاری، یان مۆدێلی داهێنەرانەوە.

8. خۆگونجاندن: توانای گونجاندن لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخەکاندا تایبەتمەندییەکی گرنگی ستراتیژییە. جیهان بەردەوام لە گۆڕاندایە، ستراتیژی دامەزراوەیی میدیایی دەبێت خۆی لەگەڵ دۆخی نوێدا بگونجێنێت.

9. نوێگەری : ستراتیژی دامەزراوەیی میدیایی هەمیشە لە هەوڵی سازکردنی بەرهەمی نوێ و نەکراوە لەسەر ئاستی یەکە جیاوازەکانی دامەزراوەکەدا ، ئەمەش بە واتای ئەوەی ستراتیژی میدیای لەرێگەی ناوەڕۆکی نوێ و ڕیکلامی نوێ و نەکراو وگرنگیدان بەوردی و روونی بەرهەمە میدیاییەکانی دامەزراوەکە و بڵاوکردنەوەیان لە پلاتفۆرمە جیاوازەکان دامەزراوەکە بەرەو لوتکەی سەرکەوتن دەبات.

10. جێبەجێکردن: ستراتیژی تەنها کاتێک کاریگەر دەبێت کە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت. ئەمەش واتە دامەزراوەکە دەبێت پەیرەوی ستراتیژی دامەزراوەکە بکات کە داڕێژراوە ئەمەش لەپێناو بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی دامەزراوەکە.

11. تێگەیشتن لە وەرگران :ستراتیژ گرنگی بە تێگەیشتن و زانینی دیمۆگرافیایی وەرگران دەدات، ئەمەش واتا لە لە تەمەن و رەگەز و داهات و ئاستی خوێندەواری وەرگران و رۆشنبیری و شوێنی وەرگران دەکۆڵێتەوە ، هەروەها گرنگی بە دەروونی وەرگران دەدات لە رووی شێوازی ژیان و ئارەزوو و بەهاکانیان و رەفتاری وەرگران دەدات لە رووی زانینی ئەو میدیاییەی کە وەرگر زۆرینەی کاتەکانی تیابەسەر دەبات .

**پێنجەم: ئامانجەکانی ستراتیژ لە دامەزراوەی میدیاییدا (روملیت، 2020، 142)**

1. **ئامانجی ستراتیژی دارایی و قازانج:** ئەم ئامانجانە یارمەتی دامەزراوەی میدیایی دەدات بۆ پێشبینیکردنی قازانج و خەمڵاندنی تێچووی بەرهەم و ریکلام و بودجەی دامەزراوەکە. ئامانجە ستراتیژییە داراییەکان یارمەتیدەرن بۆ بەڕێوەبردن و هەڵسەنگاندنی تێچوون، شیکاری داهات، پلانی گەشەی دارایی، سەرچاوەی داهات و پێداویستییە داراییەکانی دامەزراوەکە .

2. **ئامانجی گەشەی ستراتیژی:** ئامانجی گەشەکردنلە دامەزراوەکاندا مەبەستی فراوانبوون و کاریگەری دامەزراوەکەیە لە بازاڕی میدیاییدا، هەروەها جێبەجێکردن و پەرەپێدانی پرۆسەی نوێ. ئەم ئامانجانە یارمەتی دامەزراوەکان دەدەن بۆ ئەوەی هەنگاوی تایبەت بەرەو ئامانجە درێژخایەنەکان بنێن بە دانانی پلانی ورد

3. **ئامانجە ستراتیژییە پەروەردەییەکان:** بە بەکارهێنانی ئامانجە ستراتیژییە پەروەردەییەکان، دامەزراوەکان بەرنامە ڕێکدەخەن بۆ زیادکردنی زانیاری و توانای کارمەندان. ئەم جۆرە ڕاهێنانە گرنگە چونکە وەک جۆرێک لە وەبەرهێنان لەسەر کارمەندان دادەنرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دامەزراوەکان.

4. **ئامانجە ستراتیژییەکانی پرۆسەکان/بەرهەمهێنانی بەرهەم :** بەشێک لە ئامانجە ستراتیژییەکان سەرنجیان لەسەر پرۆسەکان و کارەکانی بەرهەمهێنانی بەرهەم و بڵاوکردنەوەیەتی، ئەوا ستراتیژی دامەزراوەکە هەوڵدەدات باسترین بەرهەم و بەرهەمێکی کوالێتی بەرز لەسەر ئاستی ڕکابەرەکانی و بە تەکنیك و شێوازی پێشکەوتو بەرهەمبهێنێت.

5. **ئامانجە ستراتیژییەکانی وەرگر سەنتەرە** : دەکرێت بۆدامەزراوەکان ئامانجی ستراتیژی هەڵبژێرن کە سەرنجیان لەسەر ئەزموونی وەرگران بێت. بۆ نموونە ئەم ئامانجانە دەتوانن بریتی بن لە دروستکردنی بەها بۆ بەکارهێنەران بە پشتبەستن بەکەمکردنەوەی تێچووی بەرهەم و زیادکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ وەرگران، ئەمەش لە پێناو ئەوەی پەیوەندی دڵسۆزی و هاوڕێیەتی لەگەڵ وەرگرەکانی درویت بکات و ئامانج بۆ خزمەتکردنی وەرگران دابنێت لەسەر بنەمای قازانج بۆ دامەزراوە میدیاییەکە.

6. **زیادکردنی داهات** : زیادکردنی داهات ئامانجێکی ستراتیژی هاوبەشە بۆ دامەزراوەکان. بەکارهێنانی ئامانجێکی ستراتیژی بۆ گەیشتن بەم کارە دەتوانێت لە ڕێگەی فراوانکردنی بەشداریکردن بێت بازاڕە میدیاییە نوێیەکان، ناساندنی بەرهەم یان خزمەتگوزاری نوێ، باشترکردنی ستراتیژییەکانی دروستکردنی بەستەر و بازاڕکردن، یان زیادکردنی مانەوەی وەرگران.

7. **باشترکردنی ڕازیبوونی وەرگران :** ڕازیبوونی وەرگران جەوهەری هەموو دامەزراوەیەکی میدیاییە. دەتوانرێت ڕازیبوونی وەرگران باشتر بکرێت لە ڕێگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کارامەی وەرگر ، پەرەپێدانی بەرهەم یان خزمەتگوزاری نوێ کە پێداویستییەکانی وەرگران دابین دەکات یان پێشکەشکردنی ئەزموونێکی کەسی بەرزکراوە. کڕیاری دڵخۆش واتە کڕیاری دڵسۆز! پلاتفۆرمی پشتگیری وەرگران یارمەتی دامەزراوەکان دەدات یارمەتی خێرا و کەسی پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی وەرگران ڕازی بن.

8. **فراوانکردنی پشکی بازاڕ :** فراوانکردنی پشکی بازاڕ ڕێگایەکە کە دامەزراوەکان قەبارە و فراوانکردنی گەیشتن بە بەرهەمەکانیان زیاد دەکەن . دامەزراوەکان دەتوانن ئەمە بکەن لە ڕێگەی کەمپەینەکانەوە کە وەرگران دەکەنە ئامانج، یاخود دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕکابەرەکانیان، یان هاوبەشیکردن لەگەڵیان .

9. **کەمکردنەوەی تێچوونەکان :** کەمکردنەوەی تێچوونەکان ئامانجێکی ستراتیژییە کە دەتوانێت یارمەتی دامەزراوەکان بدات بۆ باشترکردنی قازانج. ئەو دامەزراوانەی کە دەیانەوێت کارایی کارکردن باشتر بکەن دەتوانن چاویان لە دانوستاندن لەسەر گرێبەستەکانی دابینکەر یان ئەرکە ناسەرەکییەکان لابەن. بۆ نموونە، دەتوانێت دووریکەوویتەوە لە ئاگادارکردنەوەی وەرگران لە پەیامی دامەزراوەکەی .

10. **بەهێزکردنی داهێنان و توێژینەوە و پەرەپێدان** : پەرەپێدانی داهێنان و توێژینەوە و پەرەپێدان (توێژینەوە و پەرەپێدان) ئامانجێکی ستراتیژییە کە هانی دامەزراوەکان دەدات کە لە کێبڕکێدا بمێننەوە و خۆیان لەگەڵ گۆڕانی داواکارییەکانی بازاڕی میدیاییدا بگونجێنن. ئەم ئامانجە دەتوانرێت لە ڕێگەی تەرخانکردنی سەرچاوە بۆ چالاکییەکانی توێژینەوە و پەرەپێدان، هاندانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و درووستکردنی بیرۆکە ، و پێشخستنی کلتوری تاقیکردنەوە و باشترکردنی بەردەوام بەدەستبهێنرێت.

**بەڕێوبردن**

بەڕێوەبردن ڕێکارێکی سیستماتیکی ستراتیژیکردن، پێکهاتەسازی، ڕێنماییکردن و سەرپەرشتیکردنی هەوڵەکانی بەڕێوبەران لە دامەزراوەکاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. ئەم ئەرکە سەرەکییە ئامرازێکە بۆ ئەوەی دامەزراوەکان بتوانن کارایی و کاریگەری لە کارەکانیاندا بەدەستبهێنن، هەروەها کۆمەڵێک چالاکی لەخۆدەگرێت کە بۆ یارمەتیدانی دامەزراوەکان بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانیان و سەرکەوتن بەسەر قەیران و هەر پێشهاتێك کە ڕووبەرووی دامەزراوەکان دەبێتەوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە بەڕێوبردن نەخشەکێشی ستراتیژی دامەزراوەکانە ، بەمەبەستی دروستکردنی هەماهەنگی و هەوڵەکانی ستاف بۆ بەدیهێنانی ئامانجانەکانی دامەزراوەکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرچاوە بەردەستەکانەوە.

https://talentedge.com/articles/what-is-management/

بەڕێوەبردن یەکێکە لە ڕۆڵە دینامیکییەکان لە هەر دامەزراوەیەکی سەرکەوتوودا. هەموو دامەزراوەکان پێویستیان بە بەڕێوەبردن هەیە کە بەرپرسیارە لە دانانی ئاراستەی درێژخایەن بۆ دامەزراوەکە و بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی ڕۆژانە بۆ دڵنیابوون لە سەرکەوتن ، ئەو بەڕێوبردنەش دەبێت بەجۆرێك بێت لەگەڵ چالاکیە جیاوازەکانی نێو دامەزراوەکەدا هەماهەنگ بێت. (https://www.southalabama.edu/colleges/mcobl)

بنەرەتی چەمکی بەڕێوەبردن (Administrations) لە زمانی ئینگلیزیدا بریتییە لە سەرچاوەی وشەی (Administer) کە لە بنەڕەتدا لە وشەیەکی لاتینی وەرگیراوە ئەویش لە دوو بڕگە پێکهاتووە (Administrate) واتە خزمەت گوزاری، یاخود هەڵسان بەخزمەت کردنی یان گەیشتن بە میکانیزمی خزمەتکردنی لە ڕێگەی هونەری بەڕێوەبردنەوە، زاراوەی بەڕێوەبردن لەزمانی کوردیدا لەبنەڕەتدا وشەیەکی لێکدراوە لە هەردوو ووشەی (بەرێوە +بردن) دروست بووە، لە ئاوێتەبوونی ئەو دوو وشە سەربەخۆیە زاراوەیەك دروست دەبێت بەمانای "ئەو چالاکیانەی کەسێك یان گرووپێك پێی هەڵدەستێت بەمەبەستی هەڵسوڕاندنی کارەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو". (دیاری عوسمان، 2012، 74)

لەم گۆشەنیگایەوە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی بەڕێوەبردن ولەبەرچاوگرتنی قۆناغی مێژووی و خوێندنگا فکرییەکانی بەڕێوەبردن، توێژەران چەند پێناسەیەك ئەخەنەڕوو، ئەمەش تێگەیشتن لە بیروڕای خوێندنگاکانی فکری بەڕێوەبردن وناسینیان ئاسانتر دەکات .

ئەندازیاری فەرەنسی ـ هێنری فایۆل Henry Fayol، کەلایەنگری خوێندنگای کلاسیکی یە پێناسەی بەڕێوبردن دەکات بە (کرداری پێش بینی کردن و پلانو ڕێخستن) پاشان هەستان بەئاراستەکردن و چاودێری.

هەرچی ـ ماری پارکرۆفۆلێتە کە سەرمەشقی ئەو توێژەرانەیە کە پشتگیری لەبایەخدان بەلایەنی مرۆیی لەبواری بەڕێوەبردندا دەکەن، رای وایەکە (بەڕێوەبردن هونەری جێبەجێکردنی شتەکانە لە ڕێگای خەڵکییەوە). (الدلیمی، 92،2008)

جۆرج تێری (١٨٧٧-١٩٥٥) لە پێناسەی بەڕێوبردندا دەڵێت " بەڕێوەبردن پرۆسەیەکە کە پێکدێت لە پلاندانان و ڕێکخستن و جێبەجێکردن و کۆنترۆڵکردن. ئەم پرۆسەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجە پێشوەختە دیاریکراوەکان بەکاردەهێنرێت."

هارۆلد کونتز (١٩٠٩-١٩٨٤) پێناسەی بەڕێوبردن دەکات و دەڵێت (بەڕێوەبردن بریتییە لە هونەری ئەنجامدانی کارەکان لە ڕێگەی کەسانی دیکەوە لە گروپە ڕێکخراوە فەرمیەکاندا. بەڕێوەبردن بریتییە لە هونەری ڕێکخستنی کاری تاکەکەسی هەر کەسێک لەگەڵ ئامانجی گشتی ڕێکخراوە کە).

فرێدریک وینسلۆ تایلۆر (١٨٥٦-١٩١٥) پێناسەی بەڕێوبردن دەکات و دەڵێت " بەڕێوەبردنی هونەرە ، پێویستە سەرەتا بزانیت کە دەتەوێت چی بکەیت و دواتر بە باشترین و هەرزانترین شێوە ئەنجامی بدەیت ".

پێناسەی بەڕێوەبردن لە ڕوانگەی پیتەر دروکەرەوە (١٩٠٩-٢٠٠٥) ، بەڕێوەبردن پرۆسەیەکە کە ئامانج و ئامانجەکانی گروپێک بە ڕوونی دیاری دەکات و دواتر جێبەجێی دەکات.

ماری پارکەر فۆلێت (١٨٦٨-١٩٣٣) سەبارەت بە بەڕێوبردن دەڵیت " بەڕێوەبردن بریتییە لە هونەری ئەنجامدانی کارەکان لە ڕێگەی کەسانی دیکەوە" (https://modirban.com/blog/management).

لەمیانەی تێگەیشتنمان لەو پێناسانەی سەرەوە وهەڵسەنگاندنیان ، بۆمان دەردەکەوێت هەندێك لە پێناسەکان تیشکیان خستوەتە چەند لایەنێکی بەڕێوبردن ، یاخود وێنەیەکی گشتیان بۆ بەڕێوبردن نیشان داوە.

لەم ڕوانگەیەوە بەم جۆرە پێناسەی بەڕێوبردن دەکەین:

بەڕێوەبردن بریتییە لە کۆکردنەوەی خەڵک بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئامانجە خوازراوەکان، بە یارمەتی بەکارهێنانی باشترین ئامراز و سەرچاوە بەردەستەکان. ئەو سەرچاوانەی بەڕێوەبردن لەم ئاراستەیەدا بەکاریدەهێنن بریتین لە: هێزی مرۆیی، سەرچاوە دارایی و ئابووری، سەرچاوە و کەرەستەی تەکنەلۆژی، و سامانی سروشتی. بەڕێوەبردن لە دامەزراوەیەکدا پرۆسەکانی پلاندانان و ڕێکخستن و ئاراستەکردن و کۆنترۆڵکردن لەخۆدەگرێت بە مەبەستی گەیشتن بە یەک ئامانج و مەبەست.

**بەڕێوبردنی ڕاگەیاندن**

بەڕێوبردن لە دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن دا لە ڕوانگەیەکی تایبەتی بەڕێوبردنەوە سەرنج دەدرێت و باسی لێوەدەکرێت، ڕاگەیاندن بە تەنها لە نێو یەك دامەزراوەدا دەرناکەوێ بەڵکو تێکەڵ بە بە زۆرێك لە دامەزراوەکانی تری وەك (بازرگانی، پەروەردەیی، سیاسی ....) دەردەکەوێت، وە سەرنجی سەرەکی لە گۆڕانکارییە دەرەکییەکانی (سیاسەت، ئابوری، تەکنەلۆجی، ڕێکخستن و خەرج) دەبێت و کاریگەری ئەوان لە نێو دەروونی ئەو دامەزراوەیە ڕەنگ دەداتەوە. (عوسمان،65،2012)

لەم ڕوانگەیەوە لایەنەکانی بەڕێوبردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن کە پێویستە بەرچاو بگیرێ بریتیین لە (ستراتیژی ڕاگەیاندن، ستراکچەری دامەزراوەیی ڕاگەیاندن، فەرهەنگ، تەکنەلۆجیا، توانایی مرۆیی، پلان، بودجە و دارایی)

ئەم لایەنانە لە بەڕێوبردنی دامەزراوەیی میدیایدا هەریەکەو کاریگەری تایبەت بە خۆیان هەیە و ناسین و تەواوی ئەم لایەنانە بە بەڕێوبران و کارمەندان و کارناسانی دامەزراوەیەکی میدیایی هاوکار دەبێت تا بە شێوەیەکی کاریگور و سەرنج ڕاکێش و کارامە لەسەر بنەمایی سیستەمێکی دیاریکراوی بەڕێوبردن کاری ڕاگەیاندن بەڕێوەبات . (محمد،2012، 87)

ئەم لایەنانە لە نێو هەریەك لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا (بینین و بیستن و نوسراو) بونیان هەیە و لە هەر ڕاگەیاندنێکدا کاریگەری تایبەت لەسەر وەرگر دادەنێت .

لەم سەردەمەدا بە پێشکەوتنی بەرچاوی ئامرازەکانی گەیاندن و کاری ڕاگەیاندن کاریگەرتربوون و کارکردن لەسەر ئەو لایەن و سیستەمانە هەستیارتربووە، چونکە پێشکەوتنەکانی بواری ڕاگەیاندن وایانکردووە بڕیاردان و پلان دانان خێراتر و دژوارتر بێ، هەربۆییە یاسا و ڕێنماییەکانی بەڕێوبردنی کۆمەڵگاش گۆڕانیان بەسەردا بەخۆوە بیینن و ئەمەش لە پێناو بەدیهێنان و ڕێکخستنی سیستەمی نوێی بەڕێوبردن لە دامەزراوەیەکی میدیادا،

هەر بۆیە پێویستە بەڕێوبردنی دامەزراوەیی میدیایی لە دوو ڕوانگە و دیدی جیاوازەوە بخەینە ڕوو. (باقر زادە ، 2018، 84)

بەڕێوبردنی خودی دامەزراوەکە واتە کارمەندانی ناو دامەزراوەکە.

بەڕێوبردنی ڕایگشتی کۆمەڵگا. واتە دەرەوەی دامەزراوە کە وەرگرانن

دیدی یەکەم کە لە نێو دەروونی دامەزراوەیی میدیایی سەرچاوە دەگرێت و لەسەر دەستی بەڕێوبەران و کارمەندان و کارناسانی لە ئاستی جیاوازی کاری ڕاگەیاندندا جێبەجێ دەکرێت وەك بەڕێوبەرانی تەلەفزیۆن و دیجیتاڵ میدیا و بەرهەم هێنانی بەرنامەکان و پەیامەکانی ڕاگەیاندن، هەموو ئەو کارناسانەیی کە لە دەروونی دامەزراوەیەکی میدیادا کاری بەڕێوبردن و ئاراستەکردن دەکەن (باقر زادە ، 2018، 102)

دیدی دووەم کە بریتییە لە ئاراستەکردنی ڕایی گشتی کۆمەڵگا لەلایەن نوسەران و لێکۆڵەران و دەرهێنەران و ئەکتەرانی نێو پەیامە میدیاییەکانەوە ئەنجام دەدرێت، ئەم دیدگا جیاوازانەیی بەڕێوبردنی ڕاگەیاندن ناودەبرێت بە بە هونەری بەڕێوبردن و هونەری گواستنەوە و دروستکردنی دڵنیایی لایی وەرگر، کە ئەمەش گرنگترین بابەتی کۆمونیکەیشنی ڕاگەیاندنە لە دامەزراوەیی میدیایی کە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکات .

لە ڕوانگەیی ئەم تایبەتمەندیانەیی بەڕێوبردنی دامەزراوەیی ڕاگەیاندن دەتوانین بڵێین بەڕێوبردن بۆ ڕاگەیاندنە و لە ڕاگەیاندنیشدایە، لەسەر بنەمایی ئەمەش بەڕێوبردنی ڕاگەیاندن بە تایبەت کە میدیایدا بە بوونی کاریگەری زۆری لەسەر کۆمەڵگە بنەما گەلێکی زۆری ماف و ڕێکخستنی ئەخلاقی گەشە پێدەدات. (باقر زادە"حسن نجستە، 2018، 175)

ئەم شێوازە بەڕێوبردنە لە تەواوی ژێری کەسەکانەوە کار دەکات، هەموو ژێرییەکانیش کۆدەبنەوە لە سیستەمی بەڕێوبردنی ڕاگەیاندن و ڕێکخستنی پەیامە میدیاییەکان .ئەگەرچی لە نێو بواری بەڕێوبردنی دامەزراوەیی ڕاگەیاندندا بەرپرسیارێتی خۆیی دەبینێتەوە لە دیاریکردن و گەیشتن بە ئامانجەکان، پلان دانان، ڕێکخستن، خستنەکاری توانایی مرۆیی، ڕابەری و چاودێری، کە هەموو ئەمانە لە ئەستۆیی دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندنە، لە باسکردنی بەڕێوبردنی میدیایدا ناتوانین خۆمان بە دوور بگرین لەو پێناسە جیاوازانەیی کە بۆ بەڕێوبردن کراون، ئەو جۆرە جیاوازانەیی کە بۆ بەڕێوبردن خراونەتە ڕوو، ئەو لایەنە جیاوازانەیی کە لە سیستەمی بەڕێوبردنی دامەزراوەدا هەن (علی عبدالفتاح کنعان،2014، 154)

بەڕێوبردنی هەر کەرەستەیەکی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی بە مەبەستی وەڵامدانەوەیی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی پەیامی میدیایی، سازاندنی بازاڕ و فرۆشی بەرهەمە میدیاییەکان لە نێو بارودۆخی بازاڕی نوێی میدیادا، ئاساییە کە ئەم جۆرە بەڕێوبردنە لەسەر بنەمایی جۆرو کەرەستەیی ڕاگەیاندنەکە جیاواز بێت. (علی عبدالفتاح کنعان،2014، 174) .

هەندێك لە پێناسە و باسکردنەکانی بەڕێوبردنی ڕاگەیاندن تەرکیزی زیاتریان لەسەر ڕاگەیاندنەو بەڕێوبردنی ڕاگەیاندن دەخەنە نێو چوارچێوەیی (ئاڕاستەکردن و گەشەیی سیستەمەکانی ڕاگەیاندن)، وەك ئەوەیی ویلرز و گروپێك لە ئابوریناسان و بازاڕگەڕانی میدیایی بەڕێوبردنی ڕاگەیاندن بە واتایی بەڕێوبردنی بازاڕگەڕی و خزمەتگوزارییە میدیاییەکان و بەرهەم و پەیامە میدیاییەکان پێناسە دەکات، بۆ نمونە ڕیچارد مارسڵ بڕوایی وایە بەڕێوبردنی ڕاگەیاندن پێویستە بە جۆرێك بێ کە بتوانێ ئابووری ڕاگەیاندن و گونجاوی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەیی پەیامە میدیاییەکان، کێبڕکێیی فرۆش لە پەیامەکانی ڕاگەیاندن لەو بازاردا بسازێنێ. (پرینگل واف. استار، پیترکی و مایکل، 2012، 182)

هەندێکی تر بەڕێوبردنی ڕاگەیاندن بە واتایی بەڕێوبردنی پەیام لێکدەدەنەوە، بە جۆرێك کە جەخت لەسەر ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان دەکەنەوە وەك ئەرکێکی بەڕێوبردنی دامەزراوەیی ڕاگەیاندن، کە ئەوەش بە خستنەگەڕی توانایی مرۆیی بۆ سازکردنی ناوەڕۆکی کاریگەری پەیامە میدیاییەکان لە پێش چاودەگرن .

هەندێکی تر لە لایان وایە بەڕێوبردنی ڕاگەیاندن خۆیی دەبینێتەوە لە چەمك و پایەیی کۆمونیکەیشن کە پێویستە بۆ ڕکابەری لە نێو بازار و بەرهەمهێنانی ڕاگەیاندندا کە ئەمەش لە لایەنێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و یاسایی لە خۆیی دەگرێت . ئەم دیدگا جیاوازانە کە خستنەڕووی ناساندنی بەڕێوبردنی ڕاگەیاندنە بۆتەهۆیی دەرخستنی ڕێکارو دیدگایی ڕێکار و دیدگایی جیاواز بۆ سیستەمی بەڕێوبردنی ڕاگەیاندن. (پرینگل واف. استار، پیترکی و مایکل، 2012، 192)

### بەڕێوەبردنی لە دامەزراوەی ڕاگەیاندندا

لەنێو دەروونی دامەزراوەی میدیایدا چەندین جۆرو کەناڵی میدیایی کاردەکەن، هەریەك بەڕوئیاو ئامانجی جیاوازەوە، ئەم دامەزراوانە لەمرۆدا تەنها دامەزراوەیەکی میدیایی نین، بەڵکو چونەتە نێو دنیایی بازرگانی و وەکو دامەزراوەیەکی بازرگانی کاردەکەن، هەمیشە چاویان لەسەر گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوری و تەکنەلۆژیەکانەو راستەوخۆ کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانە یان لەسەرە. لەم نێوەندەدا لەبەڕێوەبردنی کاری میدیایدا چەندین لایەنی گرنگ هەن پێویستە لەبەر چاو بگیرێن کە بریتین لە (ستراتیژ، ستراکچەر، فەرهەنگ، تەکنەلۆژیا، توانای مرۆیی، خاوەندارێتی، پلاندانان، بودجە و دارایی) ئەم لایەنانە لە دامەزراوەی میدیایدا کاریگەری زۆریان لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن هەیە و ناسینی هەریەکە لەمانە هاوکاری تەواوی بەڕێوەبردنی هەردامەزراوەیەکی میدیاییە بەشێوەیەکی سەرکەوتوانەو کاریگەر، لەگەڵ ئەمانەدا لەمەیدانی بەڕێوەبردنی کاری دامەزراوەی میدیایدا بەرپرسیاریەتی دانان و جێبەجێکردنی ئامانجەکان، پلاندانان، ڕێکخستن، بەکارهێنانی توانای مرۆیی، ڕابەری و چاودێری لە ئەستۆی بەڕێوەبەردان، بەڕێوەبردنی هەردامەزراوەیەکی میدیایی بەشێوەیەکی گشتی خۆی دەبینێتەوە لە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی ئەرکەکانی بەرهەمهێنانی میدیایی و بازاڕ و فرۆشی بەرهەمی میدیایی، کەلەسەردەمی نوێدا بەبازاڕی میدیا ناودەبرێت، حاڵەتێکی ئاساییە کە ئەو سیستمی بەڕێوەبردنە لە گەڵ گۆڕانی جۆری میدیاکە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، هەر لێکۆڵەرەوەیەکی میدیایی بەجۆرێك باس لە بەڕێوەبردنی میدیا بکات. (کنعان،2014، 213)

## بەشی سێیەم
## لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە و دەرەجامەکان یەکەم

### ستراتیژی بەڕیوەبردن لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان

**خشتەی ژمارە (1)**

**خستنە رووی ستراتیژی بەڕیوەبردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن**

| ز | ستراتیژی بەڕیوەبردن |
|---|---|
| 1 | بە دامەزراوەیی کردنی بەڕێوەبردن لە دامەزراوەی ڕاگەیاندن |
| 2 | بە بازارکردنی بەرهەمە میدیاییەکان |
| 3 | کارایی کاریگەری بەرهەمەکان |
| 4 | کێبرکێی - رکابەری |
| 5 | بەنێودەولەتیکردنی دامەزراوەکە |
| 6 | داهێنان |
| 7 | بەردەوامی |
| 8 | دیمۆگرافی |
| 9 | پەیوەندیەگشتییەکان |
| 10 | بەبازارکردنی ناوەرۆك |
| 11 | ریکلام و ریکلام سازی |
| 12 | سۆشیالمیدیا |
| 13 | بونیادی کۆمپانیای وابەستە |

توێژەر بۆ دیاریکردنی کردنی ستراتیژی بەڕیوەبردنی لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن پشتی بە وەرگرتنی زانیاری لە بەرێوەبەرانی بالاو ناوەندی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان بەستووە، کە ئەو بەرێوەبەرانەی کە زانیارییان لەمبارەوە لێ وەردەگیرێت بەهەر رێکارێکی (فەرمی یان لەڕێگەی پەیوەندی کەسییەوە) پێکدێن لە (بەرێوەبەری دامەزراوە، بەرێوەبەری کەناڵێک لە دامەزراوەکە، بەڕێوەبەری بەڕێوەبردن و دارایی، بەرێوەبەری بەرهەمهێنان، بەرێوەبەری ریکلام، بەرێوەبەری تەکنەلۆژیای زانیاری) بۆ رێکخستنی زانیاریەکانیش فۆرمێکی تایبەتی دروست کردووە کە تیایدا لەسەر بنەمای ئەو ستراتیژانەی بەریوەبردنی راگەیاند لە دونیادا ناسراون و لەم توێژینەوەیەدا خراونەتە روو فۆرمەکە رێکخراوە، تاکە ئامانجیش خستنە رووی ئەو ستراتیژانەی بەڕیوەبردنە کە لە دامەزراوەی ڕاگەیاندنی کوردیدا وەک رێکاری گەشەپیدانی ئابووری دامەزراوەکە بەکاردەهێنرێن یان خراونەتە گەڕ.

ئەو ستراتیژانەی کە راگەیاندن لە بەریوەبردندا پەیرەویان دەکات و لە خشتەی (1) دا هاتووم خراونەتە بەردەم بەریوەبەران

بۆ ئەمەش ٥٠ فۆرم لەنێو ٥ دامەزراوەی ڕاگەیاندن بلاو کراوەتەوە، کە بریتین لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ی (نالیا، کۆمەڵ، گۆڕان، سپێدە، کوردسات،) بۆ هەر دامەزراوەیەک ١٠ فۆرم رەوانەکراوە بۆ ئاستە جیاوازەکانی بەڕێوەبردن لە دامەزراوەکە دا کە پێک هاتوون لە (بەرێوەبەری گشتی دامەزراوەی ڕاگەیاندن ، بەڕێوەبەری کەناڵی تەلەفزیۆنی لە دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن ، بەڕێوەبەری کەناڵی رادیۆیی لە دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن، بەڕێوەبەری دیجیتاڵ میدیا لە دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن ، بەڕێوەبەری دارایی لە دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن ، بەڕێوەبەری ریکلام لە دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان لە دامەزراوەی ڕاگەیاندن ، بەڕێوەبەری تەکنەلۆژی لە دامەزراوەی ڕاگەیاندن ، بەڕێوەبەری چاپ وبلاوکردنەوەی دامەزراوەی ڕاگەیاندن ، بەڕێوەبەری پەیوەندیە گشتیەکانی دامەزراوەکە).

پاش وەرگرتنی وەڵامەکان و تاوتوێکردنی زانیارییەکان بۆ دیاریکردنی ستراتیژی بەڕێوەبردنی ئەو دامەزراوانە بە پلەی یەکەم دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی لە هەرێمی کوردستان ستارتتیژی (رکابەری) لە بەرێوەبردنی دامەزراوەکە زیاتر بەکاردەهینن بۆ گەشەپیدانی ئابووری دامەزراوەکەیان بۆ پەرەپیدانی سەرچاوەی ئابووری دامەزراوەکە، بەپلەی دووەم ستراتیژی (سۆشیالمیدیا) دیت لە بەرێوەبردنی دامەزراوەی راگەیاندندا پەیڕەودەکریت

بەپلەی سێهەم (ریکلام و ریکلام سازی) لەدوای ئەوانیشەوە (پەیوەندیگشتی و دیموگرافی و بەبازارکردنی ناوەڕۆک دیت) . وەک لە خشتەکانی دواتردا خراوەتە روو ، هەموو ئەمانەش بەم چەند تەوەرەیە کە لە فۆرمەکەدا خراونەتە روو لێرەدا بە خشتە بەیان دەکرێت و دەرەنجامەکانی سیکراونەتەوە

یەکەم: ڕێژەی بەشداربوان لەسەر ئاستی بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبردن لە دامەزراوەکەدا

راپرسیەکە لە ٥ دامەزراوەی ڕاگەیاندن بەسەر بەڕێوەبەرانی دامەزراوەو کەناڵ و بەشە پەیوەستدارەکان بە دامەزراوەکەوە دابەشکراوە وە لەلایەن ئەوانەوە وەلامی پرسیارەکان دراوەتەوە، لە دامەزراوەکان (هەردامەزراوەی ١٠ کەس ) تەنها ٥٠ فۆرم دراوەتە دامەزراوەکان و وەلام درایەوە، ئەو پەنجا فۆرمە لەلایەن چەند بەڕێوەبەرێکەوە وەلام دراوەتەوە کە ئاستی بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبردنیان لە خشتەی ژمارە (٢) دا بڵاو کراوەتەوە.

**خشتەی (٢)**

**خستنە ڕووی ڕێژەی بەشداربوان لەسەر ئاستی بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبردن لە دامەزراوەکەدا**

| ز | گۆڕاو | د | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەری گشتی | ٤ | ٨ % | چوارەم |
| ٢ | بەڕێوەبەری کەناڵی تەلەفزیۆنی | ١٠ | ٢٠ % | یەکەم |
| ٣ | بەڕێوەبەری کەناڵی رادیۆیی | ٥ | %١٠ | سێهەم |
| ٤ | بەڕێوەبەری دیجیتاڵ میدیا | ٥ | %١٠ | سێهەم |
| ٥ | بەڕێوەبەری دارایی | ٦ | ١٢ % | دووەم |
| ٦ | بەڕێوەبەری ریکلام | ٦ | ١٢ % | دووەم |
| ٧ | بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان | ٣ | ٦ % | پێنجەم |
| ٨ | بەڕێوەبەری تەکنەلۆژی | ٥ | ١٠ % | سێهەم |
| ٩ | بەڕێوەبەری چاپ | ١ | ٢ % | شەشەم |
| ١٠ | بەڕێوەبەری پەیوەندیە کان | ٥ | ١٠ % | سێهەم |
| | کۆی گشتی | 50 | %100 | |

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە خشتەی ژمارە (٢)دا هاتوون زۆرترینی ئەو کەسانەی وەلامی راپرسیەکەیان داوەتەوە بەڕێوەبەرانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بوون کە سەر بەو دامەزراوەیەن کە ڕێژەی ٢٠% بەشدار بووانی پێک هێناوە، بەپلەی دوەمیش بەڕێوەبەری کەناڵە ڕادیۆیەکان و بەرێوەبەری دارایی و بەڕێوەبەری ڕێکلام لە دامەزراوەکاندا دێن کە ڕێژەی ١٢% ی بەشدار بووانە، دوای ئەوەش بە پلەی یەکسان بەڕێوەبەری تەکنەلۆژی، رادیۆ، پەیوەندیە گشتیەکان، دیجیتاڵمیدیا دێن، بەرێژەی ١٠%، هەرچی بەڕێوەبەری دامەزراوەکان و بەڕێوەبەرانی دامەزراوەکانە تەنها ٨% وەڵامی فۆرمەکەیان داوەتەوە، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان ٦% و بەڕێوەبەری چاپەمەنیش ٤% بوون. بەشێوەیەکی گشتی بەڕێوەبەرانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە باڵا تا ناوەند لەم راپرسیەدا بەشدار بوون زانیارییان داوەتە توێژەر، ئەگەرچی تەنها ڕێژەی ٦٢,٥% ی بەڕێوەبەرانی پێشنیازکراو بۆ وەڵامدانەوەی

فۆرمەکە وەلامیان داوەتەوە. لەو ڕێژەیەکش ٨%ی بەڕێوەبەری گشتی دامەزراوەکان بوون.

**دووەم: ڕادەی ئاگاداری ستراتیژی بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکە لەلایەن بەڕێوەبەرانەوە**

ئەو کەسانەی کە زانیارەکایان لە ڕێگەی فۆرمێکەوە لێوەرگیراوە چەندێک ئاگاداری ستراتیژی بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکەن؟ یەکێکە لەو پرسیارانەی کە وەلامەکەی تەواوکەرو چەسپێنەری ئەنجامەکانی توێژینەوە دەبێت، هەربۆیە بۆ ئەم مەبەستە ڕادەی ئاگاداری ستراتیژی بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکە لەلایەن بەڕێوەبەرانەوە لە خشتەی ژمارە (٣) دا خراوەتە ڕوو.

**خشتنەی (٣)**

**خستنە ڕووی ڕادەی ئاگاداری ستراتیژی بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکە لەلایەن بەڕێوەبەرانەوە**

| ز | گۆڕاو | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زۆر ئاگادارم | ١٠ | ٢٠ % | سێهەم |
| ٢ | ئاگادارم | ١٩ | ٣٨ % | دووەم |
| ٣ | تارادەیەک ئاگادارم | ١٥ | %٣٠ | یەکەم |
| ٤ | کەم ئاگادارم | ٦ | %١٢ | چوارەم |
| ٥ | هیچ ئاگادارنیم | ٠ | ٠ % | ٠ |
| کۆی گشتی | | ٥٠ | %١٠٠ | |

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٣) بەڕێوەبەرانی بەشدار لە ڕاپرسی توێژینەوەکە کە ٥٠ کەس بوون لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی جیاواز، بەڕێژەی ٣٨% ئاگاداری ستراتیژی بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکەن، ٢٠% زۆر ئاگادارن، ١٥% تارادەیەک ئاگادارن، هیچکام لەوانە نەبووە کە بێئاگابن لە ستراتیژی بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکە ، ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە ئاگایی لە ستراتیژی بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکە لای ئەو بەڕێوەبەرانە هەبووە و زانیارییان لەو بارەوە هەبووە.

**سێهەم: ستراتیژی بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکە**

بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە لە بەڕێوەبردنی ڕاگەیاندندا وەک ستراتیژی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی ڕاگەیاندن هاتوون سەرچاوەزانستیەکان و لێکۆڵینەوەکان خستویانیەتە ڕوو (١٣) ستراتیژی بەڕێوەبردن لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەی ڕاگەیاندندا بەردەستن و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن بەکاریان بهێنن بۆ پارەدارکردنی خۆیان، وەك لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا خراوەتە ڕوو ، ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەو ستراتیژانەی خستە بەردەم بەڕێوەبەرانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن تا دەربیخات کام لەو ستراتیژانە لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنرێن و پەیڕەو دەکرێن و دامەزراوەکان پشتیان پێدەبەستن بۆ گەشەپێدانی ئابووری دامەزراوەکەیان، لە کۆی (١٣) ستراتیژی بەڕێوەبردن تەنها (٦) ستراتیژ لەهەرێمی کوردستان بۆ گەشەپێدانی ئابووری دامەزراوەکان پەیڕەو دەکرێن و بەکاردەهێنرێن، ، بەواتای ئەوەی کە تەنها ٤٦% ی ستراتیژەکانی بەڕێوەبردن لە ڕاگەیاندنی هەرێی کوردستاندا پەیڕەو دەکرێن، ئەمەش بەوەی خراوەتە ڕوو کە لە فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە داوا لە هەر بەڕێوەبەرێک کراوە ئەو ستراتیژی بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیایی لە دامەزراوەکەیاندا بەکار دەهێنن دیاریبکەن و دەتوانن زیاد لە یەک ستراتیژ هەڵبژێرن کە دامەزراوەکەیان وەک ستراتیژی بڕێوەبردن بۆ گەشەپێدانی ئابووری دامەزراوەکە بەکاری دەهێنێت، لە کۆی ئەو (٢٠٠) هەڵبژاردەیە تەنها (٦) لە ستراتیژەکان بە دووبارە بونەوەو ڕێژەی جیاوازەوە هەڵبژێردراون، ڕێژەی هەریەکە لە پەیڕەوکردنی ئەوانەش لە خشتەی ژمارە (٤) دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (٤)**

**خستنە ڕووی ڕێژەی بەکارهێنان و پشت بەستن بە ستراتیژەکانی بەڕێوەبردن لە دامەزراوەکەدا**

| ز | گۆڕاوەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کێبڕکێی | ٧٠ | ٣٥ % | یەکەم |
| ٢ | سۆشیالمیدیا | ٤٤ | ٢٢ % | پێنجەم |
| ٣ | ڕیکلام | ٢٠ | ١٠ % | پێنجەم |
| ٤ | دیموگرافی | ٢١ | ١٠,٥ % | دووەم |
| ٥ | پەیوەندیەگشتییەکان | ٣٤ | %١٧ | سێهەم |
| ٦ | بەبازاڕکردنی ناوەرۆک | ١١ | ٥,٥ % | شەشەم |
| کۆی گشتی | | ٢٠٠ | ١٠٠ % | |

**چوارەم: ڕێژەی پشت بەستن بە سەرچاوەی پارەدارکردن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دا**

بۆ خستنە ڕووی ڕێژەی پشت بەستن بە سەرچاوەی پارەدارکردن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا توێژەی ئەو بژاردانەی خستوەتە بەردەم بەڕێوەبەران بۆ دیاریکردنی ڕێژەی پشت بەست و بە پەیڕەوکردنی ستراتیژی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی لەپیناو گەشەپیدانی ئابووری دامەزراوەکە، ئەمەش بە دیاریکردنی چەند گروپێگ لەسەر بنەمای ڕێژەی سەدی لە ١% تا ١٠٠% بە چەندجارەی ١٠، کە پێکهاتوون لە ١٠ گروپ. وەک لە خشتەی ژمارە (٥)دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (٥)**

**خستنە ڕووی ڕێژەی پشت بەستن بە ستراتیژی بەڕێوەبردن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دا**

| ز | ڕێژەی پەیڕەوی ستراتیژ | دووبارە | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کێبڕکێی - ڕکابەری | سۆشیالمیدیا | ڕیکلام | دیموگرافی | پەیوەندیەگشتییەکان | بەبازاڕکردنی ناوەرۆک |
| 1 | 10-01% ی | 0 | 0 | 1 | 0 | 2 | 2 |
| 2 | %20-11 | 0 | 0 | 2 | 0 | 2 | 5 |
| 3 | % 30-21 | 3 | 3 | 12 | 2 | 4 | 3 |
| 4 | % 40-31 | 4 | 19 | 3 | 2 | 28 | 0 |
| 5 | %50-41 | 5 | 8 | 1 | 12 | 4 | 0 |
| 6 | %60-51 | 6 | 4 | 2 | 2 | 2 | 0 |
| 7 | %70-61 | 9 | 0 | 0 | 3 | 3 | 0 |
| 8 | %80-71 | 23 | 0 | 0 | 0 | 0 | 2 |
| 9 | %90-81 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 10 | %100-91 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | | 50 | 35 | 20 | 21 | 45 | 12 |

بەپێی زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (٤) کە ڕێژەی پشت بەستن بە ستراتیژی بەڕێوەبردن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دا دەردەخات بۆهەریەک لە ستراتیژەکان ڕێژەی پەیڕەویکردن و پشت بەستن بەم شیوەیە

### - ستراتیژی کێبڕکێی یان رکابەری

ئەو دامەزراوانەی ڕاگەیاندن ستراتیژی رکابەری و کێبڕکێ پەیرەودەکەن لە کۆی ٥٠ بەڕێوەبەر ٢٣ کەسیان لایان وایە کە دامەزراوەکەیان ٧١-٨٠% بۆ گەشەی ئابوریان پەیرەوی ستراتیژی کێبڕکێ دەکەن کە دەکاتە ڕێژەی ٤٦% پشت بە پەیرەوی ئەو ستراتیژە دەکەن، بەپلەی دووەم کە ٩ بەڕێوەبەر دیاریان کردوە پێیان وایە ٦١-٧٠% پەیرەوی ستراتیژی رکابەری و کێبڕکێ دەکەن، بەپلەی سێهەمیش ٥١-٦٠% دیاریکراوە گروپەکانی ٤١-٥٠% و ٣١-٤٠% بەپلەی دواتر دێن.

### - ستراتیژی سۆشیالمیدیا

ئەو دامەزراوانەی ڕاگەیاندن کە ستراتیژی خستنەکاری سءشیالمیدیا پەیرەودەکەن لە بەڕیوەبردنی دمەزراوەکەیاندا لە کۆی ٣٥ بەڕێوەبەر کە ستراێژی سۆشیالمیدیایان هەڵبژاردووە ١٩ کەسیان لایان وایە کە دامەزراوەکەیان ٣١-٤٠% بەڕیوەبردنی دامەزراوەکەیان پەیرەوی ستراتیژی سۆشیامیدیا دەکات بۆ گەشەپیدانی ئابووری دامەزراوەکەیان کە دەکاتە ڕێژەی ٥٤% پەیرەوی ئەوستراتیژە بەو ڕێژەیە، بەپلەی دووەم کە ٨ بەڕێوەبەر دیاریان کردوە پێیان وایە ٤١-٥٠% پشتیان بە ستراێژی سۆشیالمیدیایان بەستووە لە گەشەپیدانی ئابووری دامەزراوەکەیاندا، بەپلەی سێهەمیش ٥١-٦٠% دیاریکراوە گروپەکانی ٢١-٣٠% بەپلەی دواتر دێت.

### - ستراتیژی ریکلام و ریکلام سازی

ئەو دامەزراوانەش کە ستراتیژی ریکلام و ریکلام سازی لە بەریوەبردنی دامەزراوەی میدیاییدا پەیرەودەکات لە کۆی ٢٠ بەڕێوەبەر کە ئەو ستراتیژەیان هەڵبژاردووە ١٢ کەسیان لایان وایە کە دامەزراوەکەیان ٢١-٣٠% پەیرەوی ستراتیژی ریکلام و ریکلامسازی پەیرەودەکەن بۆ گەشەدان بە ئابووری دامەزراوەکە ٦٠% پشتی بەو ستراتیژە بەستوە بەو ڕێژەیە، بەپلەی دووەم کە ٣ بەڕێوەبەر دیاریان کردوە پێیان وایە ٣١-٤٠% پشتیان بە پەیرەوکردنی ستراتیژی ریکلام و ریکلام سازی بەستووە لە گەشەی ئابووری دەزگاکەدا، بەپلەی سێهەمیش ٥١-٦٠% و ١١-٢٠% دیاریکراوە گروپەکانی ١-١٠% و ٤١-٥٠ % بەپلەی دواتر دێت.

### - ستراتیژی دیموگرافی

ئەو دامەزراوانەش کە ستراتیژی دیموگرافی لە بەڕیوەبردنی دامەزراوەکەیدا پەیرەودەکات لە پیناو گەشەپیدانی ئابووری دامەزراوەکەدا لە کۆی ٢١ بەڕێوەبەر ١٢ کەسیان لایان وایە کە دامەزراوەکەیان ٤١-٥٠% پشتی بەو ستراتیژە بەستوە بەستووە لە گەشەپیدانی ئابووری دامەزراوەکەیدا کە دەکاتە ڕێژەی ٥٧% ، بەپلەی دووەم کە ٣ بەڕێوەبەر دیاریان کردوە پێیان وایە ٦١-٧٠% پشتیان بە ستراتیژی دیمۆگرافی لە بەریوەبردنی دامەزراوەکەیاندا بەستوە بۆ گەشەدان بە ئابووری دامەزراوەکە، بەپلەی سێهەمیش ٢١-٣٠% و ٣١-٤٠% و ٥١-٦٠% دێت

### - ستراتیژی پەیوەندیەگشتییەکان

ئەو دامەزراوانەش کە ستراتیژی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەڕیوەبردنی دامەزراوەکەیدا وەک گەشەپیدەری ئابووری دامەزراوەکە پەیرەودەکات لە کۆی ٤٥ بەڕێوەبەر ئەو ستراتیژەیان وەک ستراتیژی گەشەپیدانی ئابووری هەڵبژاردووە ٢٨ کەسیان لایان وایە کە دامەزراوەکەیان ٣١-٤٠% پشتیان بە و ستراتیژە بەستووە کە دەکاتە ڕێژەی ٤٦% ، بەپلەی دووەم کە ٤ بەڕێوەبەر دیاریان کردوە پێیان وایە ٢١-٣٠% و ٤١-٥٠% پشتیان بە ستراتیژی پەیوەندیە بەستووە لە گەشەپیدانی ئابووری دامەزراوەکەیاندا، بەپلەی سێهەمیش ٦١-٧٠% و هەر یەک لە ڕێژەکانی ١-١٠%-١١-٢٠% و ٥١-٦٠% بە پلەی دواتر دێن.

### - ستراتیژی بەبازارکردنی ناوەرۆک

ئەو دامەزراوانەش کە ستراتیژی بەبازارکردنی ناوەرۆک لە بەڕیوەبردنی دامەزراوەکانیان وەک گەشەپیدەری ئابووری دامەزراوەکە بەکار دەهێنن لە کۆی ١٢ بەڕێوەبەر ستراتیژی بەبازارکردنی ناوەرۆک وەک گەشەپیدەری ئابووری هەڵبژاردووە ٥ کەسیان لایان وایە کە دامەزراوەکەیان ١١-٢٠% پشتیان بە ستراتیژی بەبازارکردنی ناوەرۆک بەستووە کە دەکاتە ڕێژەی ٤١,٥% پەیرەوی ستراتیژی بەبازارکردنی ناوەرۆک دەکەن بەو ڕێژەیە، بەپلەی دووەم کە ٣ بەڕێوەبەر دیاریان کردوە پێیان وایە ٢١-٣٠% پەیرەوی ستراتیژی بەبازارکردنی ناوەرۆک دەکەن وەک گەشەپیدەری ئابووری دامەزراوەکەیان، بەپلەی سێهەمیش ١-١٠% و ٣١-٤٠% دێت.

## ئەنجام

توێژینەوەکە لە ئەنجامی ئەو زانیاریانەی کە خستونیەتە روو شیکاری بۆ کردوون گەیشتوەتە چەند دەرەنجامێک کە بریتین لە :

١. دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان نەیان توانیوە ستراتیژەکانی بەڕیوەبردنی دامەزراوەی میدیایی لە پیناو گەشەپیدانی ئابووری دامەزراوەکەیان پەیرەو بکەن ، ئەوەی کە پەیرەوکراوە لە کۆی ١٣ ستراتیژی بەڕیوەبردن تەنها ٦ ستراتیژیان پەیرەو کردوە لە بەڕیوەبردنی دامەزراوەکەیاندا کە ئەم ڕێژەیەش دەکات ٤٤%ی ستراتیژەکانی بەڕیوەبردنی دامەزراوەی ڕاگەیاندن .

٢. بەپێی رادەو ڕێژەی پەیرەوکردنی ستراتیژەی بەڕێوەبردن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستان لە پیناو گەشەپیدانی ئابووری ڕاگەیاندندا (ستراتیژی رکابەری و کێبڕکێ) بەپلەی یەکەمدێت کە وەک گەشەپیدەری ئابووری دامەزراوەی ڕاگەیاندن دامەزراوەکان لە بەڕیوەبردندا پشتی پێدەبەسن، بەپلەی دووەم ستراتیژە سۆشیالمیدیا دێت، بەپلەی سێهەمیش ریکلام و ریکلام سازی دێت، لە دوای ئەوانەوە هەریەک لە ستراتیژەکانی دیموگرافی و پەیوەندیەگشتییەکان و بە بازارکردنی ناوەرۆک دین

٣. رادەی پەیرەوکردنی ستراتیژی رکابەری و کێبڕکێ لە گەشەپیدانی ئابووری دامەزراوە میدیاییەکان لە لایەن بەڕیوەبەرانەوە لەنێوان ٦١% تا ٧٠% یە و هەریەکە لە ستراتیژەکانی تر کە لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژەیان پێکراوە ٣٠ % ی بۆ دەمێنێتەوە کە پەیرەوکردنیکی لاوازەو بەبێ ستراتیژەکانی بەڕیوەبردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ناتوانیت ئابوریەکی بەهێز لەو رادەی پەیرەوکردنە بۆ یەک ستراتیژ گەشە بە ئابووری دامەزراوەی ڕاگەیاندن بدریت

٤. بەڕێوەبەرانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا ئاگایی باشیان هەیە لە ستراتیژەکانی بەڕیوەبردنی دامەزراوەکەیان بەتایبەت ئەو ستراتیژانەی کە بۆ گەشەپیدانی دارایی دامەزراوەکەیان پەیرەو دەکرێت .

٥. بەڕێوەبەرانی گشتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن کەمتر ئامادەییان هەیە بۆ خستنە رووی ئەو ستراتیژانەی لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکاندا پەیرەودەکریت بۆ گەشەپیدانی ئابووری دامەزراوەکانیان کە بەڕێژەی ٨%ی بەڕێوەبەران دێن، بەڵام بەڕێوەبەری کەناڵە تەلەفزیۆنەکان زیاتر لەهەمویان لەبارەی ستراتیژی بەڕیوەبردنەوە زانیارییانداوە ، بەپلەی دووەم بەڕێوەبەرانی دارایی پاشان بەڕێوەبەری ریکلام و رادیۆکان.

 https://doi.org/10.21928/juhd.v12n2y2026.pp97-109

٦. بەڕێوەبەرانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی نێو دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ستراتیژی بەڕیوەبردن و و ئاگایی لە ستراتیژە پەیرەوکراوەکانی دامەزراوەکانەوە زیاتر ئاگایی و ئامادەییان هەیە لە هەریەک لە بەڕێوەبەرانی کەناڵ و بەشەکانی تر. ئەمەش باڵایی بەهای تەلەفزیۆن و بەڕێوەبەرانیەتی لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دا.

## ڕاسپاردە

بۆ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندن دنکاران ئەم توێژینەویە ئەم ڕاسپاردانە دەخاتە ڕوو

- بەڕیوەبردنی ڕاگەیاندن هێند ستراتیژی جیاوازی هەیە کە بۆ گەشەپیدانی ئابووری بەکاربهێنریت دەتوانن بە پەیرەوکردنیان دامەزراوەکە لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن و ببنە دامەزراوەیەک کە خاوەن ئابووری بەهێزبێت.
- دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە توانایاندا هەیە لە ڕێگەی پەیرەوکردنی ستراتیژی بەهێز لە بەڕیوەبردندا بەهێزتر لە بازاردا دروست بکەن و پشت بە ستراتیژی کاریگەر ئابووری خۆیان بەهێزبکەن.
- تەنها پەیرەو کردنی یەک ستراتیژ بە ڕادەی زۆربەرزو وەلانانی ستراتیژەکانی تر لە بەریوەبردندا کاریگەری لەسەر ئابووری دامەزراوەکە دەبیت و ناتوانیت گەشەی ئابووری بکات.

## پێشنیاز

ئەم توێژینەوەیە بۆ برەودا بە توێژینەوەکانی ئاینده لەم بوارەدا ئەم پێشنیازانە دەخاتە بەردەم توێژەران

- ڕێکارەکانی پەیرەو کردنی ستراتیژی بەریوەبردن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ی هەرێمی کوردستان
- بایەخی هونەرەکانی بەریوەبردنی ڕاگەیاندن بۆ گەشەپیدانی ئابووری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن
- سیاسەتی پەیرەوی ستراتیژی بەڕیوەبردن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا
- خستنە ڕووی ستراتیژی نوێ بەریوەبردنی نوی لە میدیای نویدا

## سەرچاوەکان


### کتێبەکان:

پرینگل واف. استار پیترکی و مایکل ، 1391 شمس، مدیریت رسانه های الکترونیکی، ترجمه علی اکبر فرهنگی، سروش، تهران،

حمید جاعد محسن الدلیمی،2008، الاداره الاعلامیه، دار الشؤون الپقافه العامه، بغداد

رضا رسولی و علی صالحی، 2017، انواع استراتژی، آشنایی با سطوح و انواع استراتژی در کسب و کار، چاپ اول، تهران

رضا رسولی و علی صالحی،2017، مدیریت استراتیژ، چاپ اول، تهران

ریچارد روملیت، 2020، استراتیژی خوب - استراتیژی بد، چاپ اول، تهران

فرشته نبی‌خواه،2024 ، راهبرد به زبان ساده، چاپ اول، تهران)

مهدی جباریان،2023، مدیریت استراتیژك پیشرفته ، چاپ اول، تهران

هاروارد بیزنس ریبو و سید محمد تقی زاده،2024، درباره استراتژی، چاپ دوم، تهران

-باقر زاده"حسن خجسته، 1392 شمس،مدیریت رسانه" نشریه تیسا، تهران،

دیاری عوسمان، 2012 ، هونەری بەڕێوەبردن و بەڕێوەبردنی کەناڵەتەلەفزیۆنیەکانیە ئاسمانیەکان لە هەرێمی کوردستان، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن، سلێمانی

علی عبدالفتاح کنعان،2014، الاداره المؤسسات الاعلامیه، دار الیازور للنشر والتوزیع، عمان، اردن،

Sir Lawrence Freedman, PhD The Meaning Of Strategy: Part I: The Origin Story 1 Texas National Security Review: Volume 1, Issue 1 (December 2017) Print: ISSN 2576-1021 Online: ISSN 2576-1153

### توێژینەوەکان

جوان جلال حسین،2020، کاریگەرێتی تەنگژەی دارایی لەسەر سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا ، توێژینەوەیەکی مەیدانیە – دامەزراوەکانی ڕووداو، وار، NRT بەنمونە، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن

دیاری عوسمان عارف، 2010، هونەری بەرێوەبردن وبەرێوەبردنی کەناڵە تەلە فیزونیە ئاسمانیەکان لە هەرێمی کوردستاندا (کەناڵی کوردسات بەنمونە)، زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن،

هاوڕێ محمود و کاروان عبدالله،٢٠١٦، بەڕێوەبردنی توانا مرۆییەکان لە دامەزراوە تەلەفیزیۆنیەکانی هەرێمی کوردستاندا.کەناڵی (GK) و (NRT) بە نمونە، زانکۆی سلێمانی، بەشی ڕاگەیاندن، گۆڤاری گەرمیان، ژمارە ٣)

### ئەنتەرنێت

Written by Indeed Editorial Team -Strategic Management: Definition, Purpose and Example- June 6, 2025

https://www.indeed.com/career-advice/career-development/what-is-strategic-management

https://modirban.com/blog/management/what-is-management/

https://talentedge.com/articles/what-is-management/

https://www.southalabama.edu/colleges/mcob/management/whatis.html